﴿ سورەتی (الرَّحمن) ﴾

ئەم سورەتە بە ئاسانی تێبینی دەكرێت؛ كە شێوازێكی تایبەتی هەیە لە گەڵ روەوە.. ئەم سورەتە بریتی یە لە راگەیاندنێكی گشتی لە گۆڕەپانی بونەوەری گەورەدا، ناساندنی نازو نیعمەتی هەمەجۆرە دیارو ئاشكراكانە؛ كە نومایانە لە جوانی دروستكاریدا، لە ناوازەیی دروستكراوانیدا، لە زۆریو ساڕێژبوونی نازو میعمەتانیدا، لە رێكخستنی بون و هەبوودا، ئایەتەكانی ئەم سورەتە دەیانەوێت مرۆڤەكان هەموویان رووبكەنە روخساری پیرۆزو بەنرخی خواوەندی میهرەبان..

هەروەها شایەتی یەكە بەسەر دەستەی جنۆكەو ئادەمیزادەوە كە لە بنەڕەتدا هەر روو بەو دوو دەستەیە دەدوێت، كە لە گۆڕەپانی بوون و هەبودا، وە بە ئاگاداری هەموو دروستكراوان (تحدا)یان دەكات كە ئەوانە بە كام لە نازو نیعمەتەكانی خوا بڕواناكەنو كامیان بە ناڕاست دەزانن .. وە ئەم (تحدا)یە دوای باسی هەموو نازو نیعمەتێك دووبارە دەكاتەوە، هەموو گەردوونیش دەكاتە پێشانگایەك بۆ نازو نیعمەتەكان، سەرەڕای نازو نیعمەتەكانی ئەو جیهان.

لە ڕاستیدا دەنگی راگەیاندنی راستیەكان لە داڕشتنی سورەتەكەدا بە تەواوی دیارو ئاشكرایە، هەروەها لە شێوازی كۆتایی ئایەتەكانیدا، لە بەش بەشی ئایەتەكاندا، سەرنجی كۆتایی هەر ئایەتێك بدە كە پێویستی بە درێژكردنەوە هەیە، وەكو ئەوە وایە دەنگەكە ئاراستەی دوور بكرێت؛ هەر لە سەرەتاو یەكەم

وشەی پیرۆزیدا روون و ئاشکرایە کە دەیەوێت ئەو دوو دەستەیە، ـ دەستەی ئادەمیزادو جنۆکە ـ داچڵەکێنێ؛ تا چاوەڕێ بکەن‌و سەرنج بدەن‌و بزانن دواتر باسی چی دێت ..

﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١﴾ خواوەندی میهرەبان ، یەکەم ئایەت بریتی یە لە یەك وشەی پیرۆز کە سۆز و رەحمەتی لە خۆ گرتووە، دەنگدانەوەی وشەکە شێوازێکە لە سەرەتایەك بۆ ئیعلان‌و ئاگاداری کە دواتر دەردەکەوێت ئەم سورەتە پێشانگایەکە بۆ دەرخستنی رەحمەت‌و نازو نیعمەتە جۆراوجۆرەکانی خواوەندی میهرەبان ..

پێشانگای نازو نیعمەتەکان بە باسی ئەوە دەست پێدەکات کە ئەو زاتە قورئان؛ کەلامی شیرینی خۆی فێری ئیمانداران کردووە و دەیکات، لەڕاستیدا گەر مرۆڤەکان هەست بکەن کە بە فێربوون‌و پیادەکردنی ئەم قورئانە چۆن ئایندەیەك بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. هەموو ژیانیان لە فێربوون‌و پیادەکردنیدا بەسەر دەبرد..

دیارە بێ حیکمەتیش نیە کە باسی پەیدابوونی مرۆڤ دوای فێرکردنی قورئان دێت، دوای ئەوەی کە فێری ئاخاوتنی کردووین، کە سیفەتێکی تایبەتیی مرۆڤە..

پاشان دێتە سەرباسی لاپەڕەکانی گەردوون، کە هەمووی بە زمانی حاڵ ئاماژە دەکەن بەوەی کە بەخشش و دروستکاری خواوەندی میهرەبانن، خۆرو مانگ‌و ئەستێرەکان، دارو درەخت، ئاسمانی شین بەڕاسەرمانەوە، تەرازو و پێوەرە تایبەتیەکان بۆ کێشان و پێوانی کاروکردەوەی مرۆڤەکان، سازاندنی زەوی بۆ ژیان، بۆ بەرهەم هێنانی جۆرەها میوە، بۆ پێگەیشتنی جۆرەها دارخورما، بۆ رواندنی جۆرەها دانەوێڵە، بۆ بەرهەم هێنانی جۆرەها روەکی بۆن خۆش‌و تام

خۆش و ڕەنگ جوان‌و قەبارە جیاواز،هەروەها ئاماژەی بۆ دەستەی جنۆکەو نەوەی ئادەم کردووە لەگەڵ باسی دووجۆر دەریاشی کردووە کە بەربەست لەنێوانیاندایەو تێکەڵ نابن!! وە ئەو نازو نیعمەتانەی کە لێیان دەردەهێنرێ.

جا کاتێ کە باسی ئەم هەموو شتە گەورە و بەنرخانە دەفەرموێت یەکسەر باسی لەناوچوونیشیان باس دەکات، وە مانەوەی تەنها زاتی گەورەو شکۆمەندو پایەداری خۆی دووپات دەکاتەوە، کە دوای دروستکردنی جیهانی نوێ هەموودروستکراوان ملکەچ‌و فەرمانبەرداری دەبن، زاتی خۆی چی بڕیار بدات هەر ئەوە ئەنجام دەدرێت .

جا لە سایەی باسی نەمانی ڕەهای دروستکراواندا، وە مانەوەی زاتی خوای گەورەدا بۆ هەمیشەو هەتا هەتایی، هەڕەشەیەکی سامناك لە دەستەی جنۆکەو ئادەمیزاد دەکات، بەوەی کە ڕۆژێکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ لێپرسینەوەی وردو درشتی کاروکردەوەیان.

ئینجا کۆتا دیمەن باس دەفەرموێت ، دیمەنی قیامەت، سوڕهەڵگەڕانی ئاسمان، سزادانی تاوانباران‌و پاداشتی تەقواداران‌و دینداران بە دوورو درێژی، تا دەگاتە کۆتا ئایەت‌و دەفەرموێت: ﴿ تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾

موبارەك‌و پیرۆزو شکۆمەندە ناوی جوان‌و بەنرخی پەروەردگاری تۆ ئەی محمد(ﷺ)، ئەی ئیماندار کە خاوەنی ڕێز و شکۆداری یەو شایستەی هەموو جۆرە ڕێزو پێزانینێکە..

﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ﴿١﴾ ﴾ خواوەندی میهرەبان.

خوای گەورە ئەم سەرەتایەی بە مەبەست داناوە، سەدای وشەکە بە گشتی درێژکردنەوەی پیتی ئەلف بە تایبەتی دەنگ دانەوەیەکی کاریگەری هەیە لە گەردووندا، لە هەموو پێچ و پەناکانی بونەوەردا..

دیارە سەدا و دەنگ دانەوەی وشەی پیرۆزی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١﴾ دەڕوات بۆ دوور هەموو گەردوون و بەشەکانی بونەوەر دەلەرێنێتەوە، هەموو هەبوو دەدوێنێ، هەموو دروستکراوان ئاوڕ لە سەدای پیرۆزی دەدەنەوە، لە کاتێکدا کە بۆشاییەکانی ئاسمانەکان و زەوی پڕدەکاتەوە و، دەگات بە دەزگاکانی بیستن و دڵ و دەروون..

بەڵێ ئەو ئایەتە پیرۆزە دەفەرموێت ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١﴾ ئیتر تەواو دەبێت، هەموو بونەوەر بێدەنگ دەبێت، دەزگاکانی بیستن گوێ دەگرن و چاوەڕێی هەواڵی گەورە و گرنگن، چونکە ئەو دەستپێکە مەزنە و سەرجەم بونەوەر بۆی دەشنێتەوە، دڵی بۆی لێدەدات..

*　　　*　　　*

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ۝٢ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ ۝٣ عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ ۝٤ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ
۝٥ وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ ۝٦ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ۝٧ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ ۝٨
وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ ۝٩ وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ۝١٠ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ
ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ ۝١١ وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ وَٱلرَّيۡحَانُ ۝١٢ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ۝١٣﴾

(١) ئەو خوایەی ئەم پەیام و قورئانە پیرۆزەی ناردووە خاوەنی سۆزو میهرەو کانگای ڕەحمەت و بەزەیی بێ سنورە.

(٢) هەر ئەو زاتە خۆی توانای فێربون و لەبەر کردنی قورئانی بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، وە بە سەرجەم ئیمانداران کە پیرۆزترین نازو نیعمەتە لە دنیاداو بەرەو بەهەشت ئاراستەیان دەکات .

(٣) ئادەمیزادیش هەر ئەو زاتە بەدی هێناوە (لە سەرەتاوە ، دواتریش هاوسەرەکەی ، لەو دوانەش پیاوان و ئافرەتانی زۆر بەدی هاتوون و پەیدا دەبن ، هەر بەو یاساو نەخشەیەی کە ئەو زاتە ویستی لەسەریەتی) .

(٤) هەر خوای گەورەش ئادەمیزادی فێری ئاخاوتن و قسەو گفتوگۆ کردووە (قسەو گفتوگۆ کردن موعجیزەیەکە ، ژێکان ، جوڵەی بۆری هەوا ، زمان ، لێوەکان ، لە بەشی تایبەتی مێشکەوە زۆر بەخێرایی ئاراستە دەکرێن ، پیتەکان دەکەنە ووشەو وشەکان دەکەنە ڕستەو ، رستەکان ڕێك دەخەن ، تا ئەوەی لە ناخ و دەرونماندا هەیە دەری بڕین!!)

(٥) خۆرو مانگیشی بە قەبارەو چڕی و دورو نزیکییەکی حساب بۆ کراو لە خولگەی خۆیاندا داناوە ، زەوی بە دەوری خۆردا ساڵی جارێك دەسوڕێتەوە مانگیش بە دەوری زەویدا مانگی جارێك دەسوڕێتەوە تا کاتێکی دیاریکراو .

(٦) ئەستێرەو هەسارەکانیش ، روەکە بێ قەدو درەختە بەرزەکانیش هەمویان سوژدە دەبەن و لە نەخشەی دیارکراوی بەدیهێنەریان دەرناچن و ناترازێن .

(٧) ئاسمانیشی بەرزو بڵند ڕاگرتووە بێ کۆڵەکەو ستون ، تەرازو و پێوەری بۆ هەموو شتێك داناوە (هەموشت بە ئەندازەو یاسایە ، هیچ شتێك لەم بونەوەرەدا

بێ مەبەست و هەڕەمەکی نیە ، (بۆیە ئیمانداریش پێویستە پابەندی بەرنامەی خوای گەورە بێت ، چونکە لادان و یاخی بونی دەبێتە هۆی ستەم و نەگبەتی بۆی لە هەردوو جیهاندا) .

(٨) ئێوەش ئەی نەوەی ئادەم با تەرازوو پێوەرتان ڕێك و پێك بێت و ستەم لە یەکتر مەکەن .

(٩) هەوڵبدەن لە کێشان و پێواندا تەرازو بازی مەکەن و کەم فرۆشی و گرانفرۆشی ئەنجام مەدەن.

(١٠) ئەو خوایە سەرجەم زەویشی بۆ خەڵکی ملکەچ و فەرمانبەردار کردووە ، بۆ هەرچی بەکاری دێنن بەئاسانی دێت بە دەستیانەوە .

(١١) جۆرەها میوەی لەسەر زەویدا دێتە بەرهەم کە لە تام و بۆن و ڕەنگ و قەبارەدا جیاوازن، بەڵکو جیاوازی لەهەر جۆرە میوەیەکدا هەیە ، جگە لە جیاوازی میوەی وڵاتان و ناوچەکان!! هەروەها دارخورمای خاوەن دەفرە گوڵدانی بۆ بەرهەم هێناون ، (ئەویش پتر لە سەد جۆرە).

(١٢) جگە لە جۆرەها دانەوێڵەی جیاواز ، کە بە توێکڵ و پوش و بەرگ ڕازێنراوەتەوە و بە بۆنی خۆش بۆنخۆش کراون.

(١٣) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە (کاتێ پەری و جنۆکە ئیماندارەکان گوێ بیستی ئەم ئایەتە بون هەموو جارێك دەیانوت: ئێمە باوەڕمان بە هەموی هەیە ئەی خوای میهرەبان) .(شایەنی باسە ئەم ئایەتە ٣١جار لەم سورەتەدا هاتووە هەشت جاری لە دوای باسی بەدیهێنراوەکانەوەیە

حەوت جاری دوای ئایەتەکانی دۆزەخە ، هەشت جاری لە دوای نازو نیعمەتەکانی بەهەشتی پلە یەکە ، هەشت جاری تریش دوای نازو نازو نیعمەتەکانی بەهەشتی پلە دووە ، دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە ، بەڵام بەهەشت هەشت دەروازەی فراوانی هەیە!!) .

ئاشکرایە ئایەتەکان باسی نازو نیعمەتو بەخششەکانی خواوەندی میهرەبان دەکەن کە یەکەمیان ئەوەیە کە قورئان؛ گوفتارو کەلامی شیرینی فێری ئادەمیزاد کردووە ..

ئەم نیعمەتە گەورەیەی کە سۆزو میهری خواوەندی میهرەبان بۆ ئادەمیزاد نومایان دەکات .. ئەم قورئانەی کە هەموو یاساکان و هەموو شتێکمان لەم گەردوونو بونەوەرەدا بۆ روون دەکاتەوە، باس لە بەرنامەکانی ئاسمانو زەوی دەکات؛ ئەو بەرنامانەی کە خەڵکی سەرزەوی پەیوەست دەکات بە یاساکانی گەردوونەوە، بیروباوەڕو بۆچوونو پێوەرو بەهاو یاساو کاروباریان لەسەر بنچینەیەکی بتەوو دامەزراو رێك دەخات کە لەگەڵ بونەوەرو دەروبەردا سازگارو سازاو بێت .. هەر لە دنیادا کارئاسانیو ئاسانکاریو دڵنیاییو تێگەیشتنو هاوئاهەنگییان پێدەبەخشێت لەگەڵ هەموو یاساکانی گەردووندا .

قورئان هەستو نەستیان والآدەکات تا تێبگەن لەم گەردوونە جوانە، هەروەکو ئەوەی تازە بە تازە شارەزای ببنو یەکەم جار بیبینن، ئەوسا هەستیان نوێ دەبێتەوە بەرانبەر بوونی خودی خۆیان ـ لەسەر زەویدا، لە دنیادا، پرسیان پێنەکراوە هاتوون، پرسیان پێ ناکرێ کە دەبێ لە کاتو ساتو شوێنی دیاریکراودا بار بکەنو لە توێی خاکدا مەنزڵ بگرن!! تێدەگەن بۆ تاقیکردنەوە،

بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لێرەن، ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە لەودیو مردنەوەیە مرۆڤ ؛ وەکو ڕێزێك سەرپشك کراوە ئایا هەوڵدەدات بەهەشتو بەختیاری بۆخۆی دەستەبەر بکات، یان دۆزەخو بەدبەختیو چارەڕەشی ـ

هەروەها قورئان هەستو نەستی مرۆڤ بەرانبەر گەردوون نوێ دەکاتەوە، وا هەست دەکات کە هەمووشت زیندووەوهاوکارە لەگەڵیدا، دۆستو هاوڕێیە، برادەرو خۆشەویستی یەکترن، بۆ هەرکوێ دەچن ، لە هەرکوێ دەبن بە درێژایی ژیانیان لەسەر ئەم هەسارەیە میوانداریيان لێ دەکرێت !!

قورئان تێیان دەگەیەنێت کە خوای گەورە نیشتەجێی کردوون لەسەر زەویدا، ئەوان ڕێزدارن لای ئەو زاتە، هەڵگری ئەو ئەمانەتەن کە ئاسمان و زەوی و کێوەکان هەڵیان نەگرتولە خۆیان ڕانەبینی هەڵیگرن، بەڵام ئەمان هەڵیانگرت دیارە کە زۆر بەنرخن لای ئەو زاتەی کە بەدی هێناونو مرۆڤ بوونو ئادەمی بوونیان لەو زاتەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنها بەیەك هۆکاریش دەتوانن پەیوەندیان بەردەوام بێت: ئەویش ئیمانە کە هەستو ڕۆحیان هەمیشە بە زیندویەتی دەهێڵێتەوە، چونکە خوای گەورە لە ڕۆحێکی تایبەت کە خۆی خاوەنیەتی بەخشیویەتی پێیانو کردوونی بەم مرۆڤە ئاڵۆزو سەرسوڕهێنەرو سەیرو سەمەرەیە، بێگومان ئەو ئیمانە گەورەترین و بەنرخترین نیعمەتە بۆ ئینسان .

هەر بۆیە باسی فێرکردنی قورئانی پێش دروستکردنی ئینسان باس فەرمووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ واتای ئینسان بوونو مرۆڤ بوون لە خۆیدا بێنێتە دی ـ دووربێ لە سیفاتی ئاژەڵیەوە ـ بەڵێ ؛ خوای گەورە ئینسانی دروستکردو فێری

ئاخاوتن‌و قسەکردنیشی کرد، بەڕاستی قسەکردنی مرۆڤ موعجیزەیە، باسی ناخی خۆی دەکات شت روون دەکاتەوە، تێدەگات‌و وەڵامی کەسانی دەوروبەر دەداتەوە، لەڕاستیدا ئێمە بەهۆی راهاتنمانەوە ئەم موعجیزە گرنگەمان فەرامۆش کردووە، بەڵام خوای گەورە دەیەوێت لە رێگەی قورئانەکەیەوە سەرنجمان راکێشێ بۆلای زاتی خۆی، ـ باشە چۆن ئەم پیتانە دەکەینە وشە، دەیکەینە رستە دەیکەینە باس‌و خواس، چۆن دەم و لێوو زمان و دانەکان‌و ژێکانی قوڕگ هەمووی هاوئاهەنگ دەبێت بۆ قسەکردنمان بۆ ئاخاوتنمان، لە یەك چرکەساتدا، بۆیە رەوا و شیاوە جار جارە کاتێ کەسێکی کەڕولاڵ دەبینین ، زۆر سوپاسی خوای گەورە بکەین ـ

ئەی مرۆڤ خۆی لە چی پێك هاتووە؟ سەرەتای دروستبوونی چۆن بووە؟ چۆن قسەو ئاخاوتن فێربووە؟

لەڕاستیدا سەرەتای خانەیەکی زۆر بچوك بووە ، لەگەڵ هێلکۆکەدا ئاوێتەی یەکدی بوون، ئەوەندە بچوك بووە بە هۆی میکرۆسکۆبەوە بینراوە، بەڵام ئەم پێکهاتەیە بەرەبەرە بووە بە کۆرپەلە کە لە ملیۆنەها خانەی جۆراوجۆر پێك هاتووە، کۆمەڵێکی ئێسکەو کۆمەڵێکی کرکراگەیەو کۆمەڵێکی ماسولکەیەو کۆمەڵێکی رەگەو پێستەو گۆشتەو...هتد. هەروەها لەو سەرەتایەوە چوارپەل‌و هەستەکان‌و کارو ئەرکیان لەو پێکهاتە بچوکەدا ئاخنراوە، پاشان لە دەزگاکانی بیستن‌و بینین‌و تام کردن‌و بۆن کردن‌و هەست کردن بەهرەمەند کراوە، پاشان نهێنیەکی گرنگ‌و سەرسوڕهێنەری پێ بەخشراوە کە ئەویش نهێنی تێگەیشتن‌و هەست‌و نەست‌و لێکدانەوەیە.. هەموو ئەمانە لە خانەیەکی زۆر بچوك‌و سادە دا

کە بە زەحمەت، وە بە دەزگای تایبەت نەبێ نابینرێ، ئەمە کەی؟ لە کوێوە پەیدابوو؟ دیارە ئەوانە لەلایەن خوای میهرەبانەوەیە، دەست کردی پەروەردگاری جوانکارو میهرەبانە .

لە ئایەتێکی تردا بیرمان دەخاتەوە و دەفەرموێت

﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨ ﴾ النحل .

واتە: ئەوە هەر خوای گەورەیە کە لە سکی دایکتان دەرتان دەهێنێ هیچ شتێکتان نەدەزانی؛ پاشان هەر ئەو زاتە دەزگای بیستن و بینین و لێکدانەوەی پێبەخشیوون .

بەڕاستی دەزگای قسەکردن و ئاخاوتن شتێکی سەیرە و تێڕوانین و بیرکردنەوە لێی کۆتایی نایەت .. ئەم زمانە، ئەم دوو لێوە، چەناگە، دانەکان، قوڕگ و بۆری هەواو بەشەکانی و سییەکان، هەر هەمووی بەشدارە لە ئالیەت و میکانیزمی قسەکردندا و بەشێکە لە بەشەکانی قسەکردن ـ کەسانێك هەن هەموو ئەو دەزگایانەیان هەیە بەڵام لاڵن و قسە ناکەن ـ دیارە ئەو دەزگایانە پەیوەستن بە مێشك و بەشەکانی ترەوە .. پاشان بە ئاوەزو عەقڵەوە؛ کە هەر ناوەکەی دەزانین، لە حەقیقەت و چۆنیەتی و پێکهاتەی هیچ شارەزاییەکمان نیە، لە چۆنیەتی کارو شێوازی کارکردنی هەر خەریکە هیچ نەزانین!!

باشە کەسێك وشەیەك دەڵێت؛ چۆن چۆنی بۆی دێت؟! بەڕاستی کارێکی ئاڵۆزە و بە قۆناغی زۆردا تێدەپەڕێت، بە دەزگای سەیرو سەمەرەدا گوزەردەکات، هەندێکی ئێستەشی لەگەڵ بێت شاراوەیە لە زانستی مرۆڤ ..

سەرەتا هەست کردن بەوەی کە پێویستە قسە بکەیت و شتێکی دیاریکراو بڵێیت بە مەبەستێکی دیاریکراو .. ئەم هەستە نازانین چۆن پەیدا دەبێت، ئایا لەڕێگەی ئاوەزو عەقڵەوەیە، یان لە رۆحەوە دەبێت بەکارێکی هەستی و خانە تایبەتیەکانی مۆخ دەهەژێنێ و بە رێگەی تایبەتی خۆی فەرمان دەدات بۆ هەموو ئەندامانی پەیوەندیدار ـ لە کەمتر لە ١/١٠٠٠ی چرکەیەکدا ـ فەرمان ئەنجام دەدەن و وشەو رستەو باسەکان رێکدەخەن !! ـ

وشەکانیش هەر خوای گەورە مرۆڤی لێ شارەزا کردووە ـ هەر وەکو چۆن کاتی خۆی باوکە گەورەمانی فێرکردووە :﴿ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ...﴿٣١﴾ ﴾ البقرة..

سییەکان هەندێ هەوا دەردەکەن، تا لە بەشەکانی سییەکانەوە دەرچن بەرەو بۆرییە سەرەکی یەکان و پاشان بۆ قوڕگ و ژێیەکانی دەنگ کە ئەوانیش شتێکی سەیرن و ئامێرەکانی میوزیك، هەرگیز ناگەنە ئەوان، ئەوسا قوڕگ و ئەو تاڵانە جۆرێك خۆیان ساز دەدەن کە عەقڵ داوای لێ کردوون ، بەرز بێت یان نزم، خێرا بێت، یان هێواش، زبر بێ یان ناسك، ئەستور بێ یان باریك، چەندە جۆر دەنگ هەیەو تایبەتمەندییان چۆنە .. ئەمانەش هەمووی بە هاوکاری قوڕگ و زمان و لێوەکان و چەناگەو دانەکان، ئەم دەنگە بە یارمەتی هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێت، هەموویان ساز دەبن بەو شێوازە بۆ هەر پیتێك، بە تایبەت زمان کە هەوڵدەدات کۆنترۆڵی هەموویان بکات.

ئەوە بۆ دەربڕینی پیتێك، جا بیربکەرەوە لە رستەیەك لە بیرۆکەیەك، لە دەربڕینە هەست و نەستێك بەرانبەر رووداوێکی رابوردوو یان داهاتوو، هەر هەمووی دنیایەکە لە نهێنی و شتی سەرسوڕهێنەر، کە بە هەمووی ئەم مرۆڤە سەیرە

نامۆیـەی لیٚ پێك هـاتووە؛ کـە دروسـتکراوی خواوەنـدی میهرەبانـە، وە بـە فـەزڵی پەروەردگاری میهرەبان هاتۆتە سەر گۆڕەپانی ژیان .

* * *

ئینجا ئایەتەکان دەست پێدەکات بە باسی بەخشین‌و دروستکراوەکانی خۆی لە پێشانگای گشتی بونەوەردا، باس لە خۆرو مانگ دەکات کە بە شێوازێکی ورد دروست کراون‌و لە خولگەکانیاندا دانراون تا خزمەت بە زەوی‌و نیشتەجێکانی بکـەن .. ئەنـدازەگیری ورد ئاشـکرایە کـە زانایـانی گەردووونناسـی سەرسـام کـردووە، هـەروەها قـەبارەو پێکهاتـەو دوری‌و نزیکیـان لـە زەوی، هـەموو ئەوانـە مرۆڤـی هۆشـیار سەرسـام دەکـات‌و هەسـت بـە گـەورەیی‌و گرنگـی ئـەو ئامـاژە قورئـانی یـە دەکـات، کـە چـەندەها حەقیقـەتی قـوڵ و سەرسـوڕهێنەری لـە خـۆ گرتووە !!

بێگومـان ئـەم خـۆرەی ئێمـە گـەورەترین ئەسـتێرە نیـە لـە ئاسمانـدا لـە بۆشـایی گەردووندا ئەوەنـدە گەلـە ئەسـتێرە هەیـە ـ ئێسـتاشـی لەگـەڵ بێـت ـ بـە تـەواوی نەزانراوە، باس لـە سـەد ملیۆن گەلـە ئەسـتێرە دەکـەن کـە هەریەکـەیان ملیارەهـا ئەسـتێرەو هەسـارەی لـەخۆ گرتـووە، ئەسـتێرەی زەبـەلاحی وایـان تیایـە کـە قــەبارەی هــەزاران ئەوەنــدەی خــۆر دەبێــت‌و گــەرمی‌و روناکیشــی هــەزارەها ئەوەنـدەی گـەرمی‌و رونـاکی خـۆرە، بـەڵام بـەهۆی دووری بـێ ئەنـدازەی وەکـو چرایەکی کز لە قوڵایی ئاسماندا خۆی دەنوێنێ ـ .

بـۆ نموونـە ئەسـتێرەی (شـعری)قـەبارەی بیسـت ئەوەنـدەی خـۆرە، روناکیشـی پـەنجا ئەوەندەیـەتی، ئەسـتێرەی (سمـاك) هەشـتا ئەوەنـدەی خـۆرە روناکیەکـەی هەشتا هەزار ئەوەندەیەتی ، ئەستێرەی (سهیل)دووهەزارو پێنجسـەد ئەوەنـدەی خـۆرەو روناکیەکـەی نـەزنراوە .. ئـا بـەو شـێوەیە تـا دێـت زانایـان ئەسـتێرەی گەورەو زەبەلاحی سەرسوڕهێنەری تریان بۆ دەردەکەوێت ..

بەڵام بیرمان نەچێت کە خۆر گرنگترین ئەستێرەیە بۆ ئێمە، ئێمەی دانیشوانی ئــەم هەســارە بچــکۆلەیە!! چــونکە ئێمـــەو ســـەرجەم دانیشـــتوانی، روەكو پێکهاتەکانی پێویستیمان بە گەرمیو هێزی راکێشانیو روناکیەکەیـەتی بۆ زۆر شت بەتایبەت بۆ پێکهاتنی سوڕی ئاو لە سروشتدا!!

هەروەها مانگ کە شوێنکەوتەیەکی بچوکی زەوی یەو کاریگەریی هەیە لەسەر هەڵکشانو داکشانی ئاوی دەریاکان.

قـەبارەی خـۆر، پلـەی گـەرمیی، دوری لێمانـەوە، سـوڕانەوە و خولانـەوەی لـە خولگەی خۆیدا، هەروەها قەبارەی مانگو دورییەکەی لە زەوی یەوە، ئەو کاتەی کـە بەسـەری دەبـات لـە سـوڕانەوەی بـەدەوری زەویـدا، دانانیـان لـە بۆشـایی ئاسماندا، بۆ هەموو ئەوانەو زۆر شتی تریش ئەندازەگیری ورد کراوە!!

جا با ئێستە هەندێك لەو ئەندازەگیریو وردەکاریانە بخەینە روو، خۆرو مانگ پەیوەەندییەکی گرنگیان بە هەسارەکەی ئێمەوە ، بە ژیانو زیندەورانەوە هەیە؛ دوری خۆر لە زەوی یەوە پترە لە نەوەدو دوو ملیۆن میل ـ نزیکەی سەد و پەنجا ملیۆن کیلۆمەتر ـ گەر نزیکتر بوایە زەوی دەسوتاو دەتوایەوە و دەبوو بە هەڵم! گەر دوورتریش بوایە هەمووشت دەیبەستو هەرچی زیندەوەرانە دەمردن..

ئەو گەرمیەی کە لە خۆرەوە پێمان دەگات یەك بەشە لە دوومليۆن بەشی گەرماکەی، هەر ئەوەندەش لەبارە بۆ ژیانی ئێمە، خۆ ئەگەر لەجیاتی خۆر ئەستێرەی (شعرى)بوایە ئەوە زەوی دەبوو بە هەڵمو پەرشو بلاو دەبۆوە!!

هەروەها مانگ . قەبارەکەی، دووری لە زەوی یەوە، ئەگەر گەورەتر بوایە لە قەبارەکەی ئێستای، ئەوە هەڵکشانی ئاو دەبوو بە زریانێكو هەموو زەوی دادەپۆشی ، هەروەها ئەگەر نزیکتر بوایە کارەساتی دروست دەکرد، دیارە کە بە حسابێکی ورد دانراوەو بە ئەندازەی تاڵە مویەك لای نەداوە.

هێزی راکێشانی مانگو خۆر بۆ زەوی ئەندازەگیری وردی هاوسەنگی بۆ کراو، بۆیە بەو شێوازە دانراوە، رێڕەوو خولگەی لە بۆشایی گەورە و فراواندا بۆ دیاری کراوە، کە لەگەڵ هەموو کۆمەڵەی خۆردا لە چەرخو خولدایە بە خێرایی بیست هەزار میل لە سەعاتێکداو هەموویشی بە یەك رێڕەودا بەرەو بورجی (الجبار) دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا ملیۆنەها ساڵە ئەو رێڕەوەی گرتۆتە بەر لەگەڵ یەك ئەستێرەدا پێکدادان روی نەداوە.

جا لەو بۆشایی یە فراوان و گەورەیەی ئاسماندا رێڕەوی هیچ ئەستێرەیەك بەقەد تاڵە مویەك تێك ناچێتو ناترازێ، لە وردەکاری لەنگەرو هاوسەنگی لە قەبارەو جوڵەدا توشی ترازان و شێوان نابێت .

﴿ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ۝٥ ﴾

بەڕاستی خوای گەورە راستی فەرمووە کاتێ کە فەرمویەتی خۆرو مانگ بە قەبارەو دوورو نزیکیو چڕیو شێوازو هێزی راکێشانیانەوە بە ئەندازەگیرییەکی ورد دروست کراونو لە خولگەکانیاندا دانراون.

هەروەها کاتێ کە فەرمویەتی : ﴿ وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ ۝٦ ﴾..

واتە ئەستێرەو درەختەکان بەردەوام سوژدە دەبەنو ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگاریانن .. ئەوە ئاماژەیە بۆ روگەو مەبەست لە دروست بوونی گەردوونو هەموو ئەو شتانەی کە لەسەریەتی کە هەمووی بۆ یەك مەبەست دروست کراو.

لەڕاستیدا ئەم بونەوەرە پەیوەندییەکی بتەوی هەیە بەو زاتەی کە بەدیهێناون، ئەو زاتەی کە دروستکارێکی داهێنەرە، ئەستێرەو درەخت دوو نموونەن لە داهێنراوەکانی؛ بەڵگەن لەسەر ئاراستەی هەموو دروستکراوان..

هەندێ لە (مفسرين) (نجم)ی بە ئەستێرەی ئاسمان تەفسیر کردووە، هەیشە بەو روەکانە تەفسیری کردووە کە لەسەر زەویدا پەل دەهاونو قەدو باڵایان نیە، جا ئەمیان بێت یان ئەویان، ئەم دەقە ئاماژەیە بەوەی کە ئەم گەردوونە پەیوەستە بە یەك حەقیقەتو روگەوە ؛ پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە ـ هەموویان ملکەچو فەرمانبەردارن ـ .

بە دەقی قورئان هەموو دروستکراوان لەم گەردوونەدا زیندون و هەر جۆرێکیان شێوە گیان و زیندویەتیەکی تێدایە، هەرچەندە دیمەنو شێواز و قەبارەیان جیاواز بێت، حەقیقەتی هەموویان هەر یەکێکە، لەدێر زەمانەوە مرۆڤە ئیماندارەکان هەستیان بەوە کردووە کە هەموو شتەکان روو بە پەروەردگاریانن، بە فیترەتی پاکیان بە نیگاو ئیلهامیان هەستیان پێکردووە، بەڵام کاتێ کە پەنای بردووە بۆ عەقڵی سنورداری کە قەتیس کراوە بە ئەزموونی هەستەکانی؛ تەمو مژ ئەو هەستە ناسکەی داپۆشیوە ..

ـ ئەوەتە داود پێغەمبەر(علیە السلام) پێکەوە لەگەڵ کێوەکان و باڵندەکان تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاریان کردووە، هەروەکو لە ئایەتی ژمارە(١٠)ی سورەتی (سبأ)دا باسی فەرمووە ـ

لەم ساڵانەی دواییدا زانایان بۆیان دەرکەوتووەکە ئەم گەردوونە و ئەم بونەوەرە بێ شومارانە لە ئەتۆم پێکهاتوون، بەڵام تا ئێستە و ـ ڕەنگە تا قیامەتیش ـ لە نهێنی ڕۆح تێنەگەن، پەی بە نهێنی ڕۆح و ژیان و زیندەگی نەبەن، بەڵکو تەنها هەر کار لەسەر ئاسەوارەکانی بکەن ـ

جا سەیر لەوەدایە کە ئەتۆمیش بە وزە و تیشك و روناکی لێك دەدەنەوە، کە شتێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو دروستکراواندا!! لەگەڵ بوونی جوڵەی بەردەوام لە هەموو بونەوەردا ..

جا داخۆ ئەم گەردوون و بونەوەرە بەم جوڵە و سوڕانەوە بەردەوامەی بەرەو کوێ دەچێت؟ قورئان پێمان دەڵێت : هەموو دروستکراوان بە ڕۆحیان بەرەو لای ئەو زاتە دەڕۆن کە بەدیهێناون، ڕۆحیش بنەچەیە بۆ جوڵەی مادە، هەر ڕۆحی شتەکانە جوڵەیان پێدروست دەکات، وەکو ئەم ئایەتانە ئاماژەی بۆ دەکەن :

﴿ وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ ۝٦ ﴾

﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ۝٤٤ ﴾ الأسراء.

واتە: حەوت چین ئاسمان و زەوی و هەرکەس کە لە سەریان دەژی تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاریان دەکەن ، هەرچی شتە تەسبیحات و ستایشی ئەو زاتە دەکات و سوپاسگوزاریەتی، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشیان تێناگەن !!

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ النور.

واتە: ئەی مرۆڤ ! مەگەر نابینی کە هەرچی لە ئاسمانو زەویدا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوای گەورەیان دەکەن، هەروەها باڵندەکانیش بەڕیز سەرگەرمی تەسبیحاتن، هەریەکەیان چاك دەزانێ چۆنو بە چ زمانێك ملکەچیو سۆزو ڕێز دەربڕێت بۆ پەروەردگاریو ملکەچی بنوێنێو بیپەرستێو ستایشی بکات !

جا ئێستە سەرنجی ئەم ڕاستییە بدە، بەدواداچوون و پەیگیری گەردوون و بونەوەر بکە لە پەرستنی پەروەردگاریدا، لە ستایشی زاتی بەدیهێنەریدا، ئەوکات چێژێکی ڕۆحیو مەعنەوی هەست پێدەکەیت ـ ئەسرینی شادیو خۆشەویستی بۆ زاتی پەروەردگارو بەدیهێنراوەکانی لە دیدەت دەبارێت ـ چونکە هەست دەکەیت کە هەموو ئەو شتانەی دەوری داویت زیندون و تۆشیان خۆش دەوێت، وە تۆ و ئەوان بە ملکەچی وەستاون و فەرمانبەرداری زاتی بەدیهێنەرتانن، هەمووتان هەستو ڕۆحتان هەیە.. ئەوسا دەبنە براو هاوڕێی یەکتر لەم گەشتەدا کە لە دنیادا لەسەر زەوی یەکەی دەیبەنە سەر ..

بەڕاستی ئەو ئایەتانە ئاماژەی تایبەتیو قوڵ و سەرنجڕاکێشمان پێدەبەخشن :

﴿ وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ ﴿٧﴾ أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ ﴿٨﴾ وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ ﴿٩﴾ ﴾

لێرەدا جارێکی تر ئاماژە بۆ ئاسمان دەکات ـ چونکە بەڕاستی ئەم گەردوونە زۆر فراوان و سەرسوڕهێنەرە، زانایانی گەردووناسی سەرسام کردووە و دەڵێن زاتی خوای گەورە زۆر روونە لای ئێمەو خەریکە دەیبینین !!

هەمیشە خوای گەورە بە باسی ئاسمان دەیەوێت غافڵەکان بە ئاگا بێنێتەوە، رزگاریان بکات لە حاڵەتی راهاتن لەگەڵ دروستکراواندا، ئەو زاتە دەیەوێت ناخی مرۆڤەکان دابچڵەکێ و بە قوڵی بیربکەنەوە لە زاتی دروستکار..

دەیەوێت هەمووکەس بە چاوی دڵ سەرنج بدات و بیربکاتەوە لەم گەردوونە زەبەلاح و فراوانە، سەیرێکی جوانی و رێکوپێکی بکات، بیرێك بکاتەوە لەو دەستە بە دەستەڵاتەی کە ئەم هەموو شتە جوانەی بەوپەڕی رێکوپێکی بەدیهێناوە.

جا ئاماژە بە ئاسمان، بە هەر واتا و مەبەستێك بێت ئەوەیە کە مرۆڤ سەیری سەرەوە و بڵندیی بکات، ئەم بۆشایی یە گەورە و فراوانەی کە گەردونناسان سنوری نازانن، بە ملیارەها ئەستێرە و هەسارەی گەورە و زەبەلاح لە نێویدا لە چەرخ و خولدان، کەچی دوانیان بەریەکتر ناکەون، دوو گەلە ئەستێرە گەر بە ئاراستەی پێچەوانە بەنێو یەکتردا تێپەڕن هیچ جۆرە پێکدادانێك روونادات!!

بە مەرجێ کۆمەڵەی وایان هەیە لە هەزار ملیۆن ئەستێرە زیاترە، وەکو ئەم کاکێشانەی کە کۆمەڵەی خۆری خۆمانی لەخۆ گرتووە، ئەستێرە و هەسارەی وای تێدایە یان بچوکترە لە خۆر یان گەورەترە بە هەزاران ئەوەندە، بە مەرجێ تیرەی خۆرەکەی ئێمە پتر لە ملیۆنێك وسێ سەد هەزار ملیۆنێك (کم) دەبێت!!!

ئەی ئەم هەموو ئەستێرانە و گەلە ئەستێرانە کە هەمووی بە خێرایی یەکی ترسناك لە چەرخ و خولدان.. بەڵام ئەوەندە خوای گەورە بۆشایی گەورەی بۆ رەخساندوون. وەکو گڵۆپی بچوکی بێ شومار لە یەکتر دوور دەنوێنن، ناگەن بە یەکتروپێکدادان دروست نابێت..

جا لەپاڵ ئەو دەستەڵاتو گەورەیی یەدا کە لەبەرز ڕاگرتنی ئاسمانی فراواندا هەیە تەرازوو پێوەری حەقی داناوە، تەرازوی مەحکەمو بتەوو دامەزراوی داناوە، داینـاوە بۆ کێشانو پێوانی هەموو شتێك بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤ و ڕووداوو شتەکان، تا ڕاستکردنەوەیان نەشێوێ، کێشیان نەلەقێ، تا شوێن نەفامی و ئارەزووپەرستی و شتی لاوەکی نەکەون .. ئەم پێوەرە لە فیترەتو لە بەرنامەی خواییدا دانراوە کە هەموو پەیامەکانو قورئانیش لە خۆی گرتووە، پێوەری داناوە تا خەڵکی لە پێوەرەکانی خۆیاندا لەسەر زەوی ستەم نەکەن، کەم فرۆشی و خیانەت نەکەن، هەموو شتو هەموو هەڵسەنگاندنەکان دادپەروەرانە ئەنجام بدەن، بەبێ ستەمو بەبێ زیان.

ئەوسا ئیتر هەمیشە لەژیانی خەڵکیدا حەق پەیوەست دەبێ بە پێکهاتەی گەردوون و یاساکانیەوە، پەیوەست دەبێ بەو ئاسمانەوە کە لەوێوە پەیامە پیرۆزەکانی لەلایەن خوای گەورەوە ئاراستە کراوە، ئینجا لەو گۆشە نیگایەوە دەردەکەوێت کە ئەم گەردوونە؛ وە بە فەرمانی خوا چەندە گەورە و تۆکمەو دامەزراوە، ئەوسا ئیتر ڕوون دەبێ ئەم پەیامەو ئەم گەردوونە چەندە گرنگو بەنرخن ..

﴿ وَٱلْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ ﴿١٠﴾ فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَٱلنَّخْلُ ذَاتُ ٱلْأَكْمَامِ ﴿١١﴾ وَٱلْحَبُّ ذُو ٱلْعَصْفِ وَٱلرَّيْحَانُ ﴿١٢﴾ ﴾

جا چونکە ئێمە وەکو مرۆڤ ماوەیەکی زۆرە ژیان لەسەر زەوی دەبەینە سەر، وە ڕاهاتوین لەگەڵ بارودۆخو دیاردەکانیدا خەریکە هەست بەو دەستەڵاتە نەکەین کە زەوی بەم شێوازە بۆمان سازاندووەو ژیانی بە گشتی لەسەری ئاسان

کردووە، زۆرجار خەریکە هەست بە بەهاو نرخی نازونیعمەتەکانی خوای گەورە نەکەین لە سەرمان مەگەر جار بەجاریَ گڕکانێك یان زەوی لەرزەیەك رووبداتو دامانچڵەکێنیَ و شپرزەمان بکات؛ ئەوسا بیربکەینەوە لەوزاتەی کەساڵەهایە ئاوا بە مەحکەمی و تۆکمەیی رایگرتووە..

لەڕاستیدا خەڵکی حەق وایە لە هەموو چرکەساتێکدا ئەم حەقیقەتە فەرامۆش نەکەن، بەتایبەت کاتیَ کە دەزانن ئەم زەوی یەی کە لەسەری دەژین تۆزقاڵێکە لەو بۆشاییە فراوانەی کە خوای گەورە بەدیهێناوەو بەردەوام لە چەرخو خولی هەمەجۆردایە!!

زەوی بە دەوری خۆیدا بە خێرایی هەزار میل لە کاژێرێکدا دەسوڕێتەوە ـ لە بەردەم خۆردا تا شەوو رۆژمان بۆ پێش بێنێت ـ هەروەها بە خێرایی شەست هەزار (کم) لە سەعاتێکدا ؛ لە هەمان کاتدا دەسوڕێتەوە ـ تا چوار وەرزمان بە شێوازی پێچەوانە لە سەرو؛ وە خواروی زەویدا بۆ پێش بێنیَ ـ لە هەمان کاتدا بە خێرایی بیست هەزار میل لە سەعاتێکدا لەگەڵ خۆرو کۆمەڵەی خۆردا لە بۆشایی ئاسماندا بەرەو بورجی(الجبار) دەڕوات!!

بەڵیَ! ئەگەر ئەو خەڵکە ئەم راستیانە بزانن و هەمیشە لە یادیانا بێت کە ئەوان لەسەر ئەم تۆزقاڵە زەوی یەن کە بەو شێوازە لە ئاسماندا لە چەرخو خولدایە ، وە بەو خێرایی یە زۆرانە، باشە، ئەگەر دەستی قودرەتی خوا نەبیَ، چ هێزێك دەتوانیَ بیپارێزێت ـ لە کاتێکدا زانایانی گەردونناسی دەڵێن (١٤) جوڵەو سوڕانەوەی هەیە بە خێرایی جیاواز، ئەگەر ئەو خەڵکە بیربکەنەوە لەم حاڵەتە بەردەوام دەستیان لەسەر دڵیان دەبێتو لەرزیان لیَ دێت، وە هەست دەکەن هیچ

پەنا و لایەك نیە پاڵی پێوە بدەن جگە لە پەنای خواوەندی تاكو تەنها و ئەو زاتەی كە دەسەڵاتی رەهای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، ئا لەو هەموو بارودۆخە سامناكەدا لەنگەری ئەم زەوی یەی راگرتووە بۆ خەڵكی و وا هەست دەكەن كە هیچ جوڵەیەكی نیە !!

لەڕاستیدا خوای گەورە لەسەر زەویدا ئەوپەڕی ئاسانكاری فەراهەم هێناوە بۆ ژیانی مرۆڤەكان، لەكاتێكدا كە ئەوان لەسەری بە ئارامی ژیان دەبەنە سەر، زەوی بەوانیشەوە سەرگەرمی گەردش و چەرخ و خولی خۆیەتی بە دەوری خۆیدا، بەدەوری خۆردا، لەگەڵ خۆرو كۆمەڵەی خۆردا بەو خێراییانەی كە باسمان كرد ..

هەروەها جۆرەها رزق و رۆزی و میوەهاتی بۆ دابین كردوین، بەتایبەت لێرەدا ناوی خورمای هێشوداری خاوەن دەفری شێوە گوڵدانی فەرمووە كە دیمەنی جوان و خورمای تەڕو ناسكی پێوەیە، هەروەها ئاماژە بۆ دانەوێڵەی لاسكدار دەفەرموێت، كە ئەو لاسكەی كاتێ دەبێتە پوش و پەڵاش و ئاژەڵ دەیخوات و ـ ئەویش جۆرەها خزمەت دەكات ـ هەروەها روەكە بۆن خۆشەكان، كە ئەویش هەندێكی بۆ خواردنی مرۆڤەو هەندێكی بۆ ئاژەڵەو هەندێكیشی جۆرەها بۆنی خۆشی لێ وەردەگیرێت ..

ئینجا لە كۆتایی ئەم بڕگەیەدا ـ یاخود ئەم كۆپلە ئایەتەدا ـ لە ئاماژەكردن بۆ هەندێ لە نازو نیعمەتەكانی پەروەردگاری بەخشندە لە فێربوونی قورئان و دروستكردنی خۆمان و فێربوونی قسەو ئاخاوتن، هاوئاهەنگی خۆرو مانگ و بەرزكردنەوەی ئاسمان و دانانی تەرازوو میزان ـ پێوەری هەمەجۆر بۆ ئەو

خەڵکە لە قیامەتدا تا کارو کردەوەو گوفتارو بەخشینو نیەتو هەموو چالاکیەکانی پێ بکێشرێت و بپێورێت، بۆ ئەوەی خەڵکی لە دنیادا حسابی جدی بۆ بکەنو پێوەرەکانیان دادپەروەرانە بێت .

هەروەها ئاماژەی بۆ میوەجاتو خورماو دانەوێڵەو روەکی بۆنخۆش فەرمووە .. دوای ئەمانە هەمووی روو بە دەستەی جنۆکە و ئادەمیزاد دەفەرموێت ..

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾

بێگومان هیچ کام لە دەستەی جنۆکەو ئادەمیزاد ناتوانن بڕوایان بە نازو نیعمەتەکانی خواوەندی میهرەبان نەبێت کە هەمووی دیارو ئاشکراو نومایانە.

* * *

ئینجا لە باسی نازونیعمەتەکان لە گەردووندا دەگوێزێتەوە بۆ باسی خودی خۆیان کە چینو لە چی دروست کراون ..

﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِن صَلْصَـٰلٍ كَٱلْفَخَّارِ ﴿١٤﴾ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴿١٥﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٦﴾ ﴾

(١٤) جا ئەو خوایە ئادەمیزادی دروست کردووە لە سەرەتاوە لە قوڕێکی وشك ، وەك فەخفوری.

(١٥) جنۆکەشی لە بڵێسەی ئاگر بەدی هێناوە.

(١٦) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە (کاتێ پەری یە ئیماندارەکان گوێ بیستی ئەم ئایەتە بون هەموو جارێك دەیانوت: ئێمە باوەڕمان بە هەموی هەیە ئەی خوای میهرەبان).

لەڕاستیدا بوونو پەیدابوونمان کرۆکی نازونیعمەتەکانە، نێوانی ئەو دوو حاڵەتە بە هیچ پێوەرێك ناکێشرێتو ناپێورێت، چونکە پێوەرەکانی مرۆڤ بۆ بەراورد کردن لە نێوان ئەو شتانەدایە کە هەن و زانراوو ناسراون .. لەبەر ئەوە بەراوردی بوون و نەبوون هەرگیز ناکرێت، ڕەنگە بۆ دەستەی جنۆکەش هەر وابێ، چونکە ئەوانیش دروستکراونو پێوەری دروستکراوان دەیانگرێتەوە، بۆیە کاتێ خوای گەورە منەت دەنێتە سەر دەستەی ئادەمیزاد و جنۆکەو پەری بە پەیدابوونیان، ئەوە نیعمەتێکە لە سەروو تێگەیشتنەوەیە پاشان باس لەوە دەفەرموێت کە ئەم دوو دروستکراوەی لە چی دروست کردووە.. یەکێك لە قۆناغەکانی دروستبوونی سەرەتای مرۆڤ ، قوڕێکی وشکبووی وەك فەخفوری بووە، کە بە ئاستەم پیایدا دەماڵرێ زرنگەی لێوە دێت، کە ئەوە ئاماژەیە بەوەی کە مرۆڤ لە مادەی زەوی دروستکراوە ..

زانستی نوێش سەلماندوویەتی کە جەستەی مرۆڤ لەو ماددانە دروست بووە کە لەسەر زەویدا هەیە، لە کاربۆنو ئۆکسجینو هایدرۆجینو فۆسفۆر و گۆگردو ئازۆتو کالیسیۆمو یۆدو فلۆرینو کۆباڵتو زینكو سلیکۆنو ئەلمنیوم؛ کە ئەمانە هەمووی خاکی زەوی پێك دەهێنن، هەرچەندە ڕێژەکەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وە لە خاکێکەوە بۆ خاکێکی تر دەگۆڕێت.

ئەڵبەت دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکەین کە نابێت دەقە قورئانیەکان هەمیشە ببەستین بەو شتانەی کە مرۆڤ لەڕێگەی زانستەوە دەستی دەکەوێت، کە گریمانەی ڕاست یان هەڵەی هەیە، یان ڕاستکردنەوە و گۆڕین ، چونکە بەردەوام زانست بەرەو پێش دەچێت ـ کە بەخششی خوای تەواو زانایە بە مرۆڤەکان ـ

زۆر کەس پەلە دەکات لە هەندێ شت کە هێشتا تیۆری یان گریمانەیە دەیکاتە هۆکار بۆ سەلماندنی ئیعجازی قورئان، دەبێ بیرمان نەچێ قورئان خۆی موعجیزەیە ئەگەرچی زانستیش هێشتا نەگەیشتبێتە تەفسیری هەندێ لە ئایەتەکانی ..

بێگومان ئایەتو موعجیزەکانی خوای گەورە زۆرن لە ناخو دەروونی مرۆڤەکاندا، وە قورئان ئاماژە دەکات بەوەی کە خەڵکانی تر لە زانایانی ناموسڵمان زۆر شت کەشف دەکەن، هەنا وایان لێ دێ قەناعەتی تەواویان بۆ دروست دەبێ کە قورئان پەیامی خوای گەورەیە، وە ئەو زاتەش حەقو حەقیقەتە و زانایان لەسەرجەم بوارەکانی زانستدا ناتوانن نکوڵی لێ بکەن، ئەوەتە دەفەرموێت :

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت .

مرۆڤ دەربارەی دروستکردنی جنۆکە لە بڵێسەی ئاگر هیچ جۆرە زانستییەکی نیە، تەنها سەرچاوەش کە بە راستو دروستی باسیان بکات قورئانە، باس لەوە دەکات کە خوای گەورە هەرخۆی دەزانێ چی دروستکردووە و لە چی دروستیکردووە و چۆنی دروستکردووە ..

ئەوەی کە دەیزانین دەستەی جنۆکە وەکو دەستەی ئادەمیزاد توانای ژیانیان لەسەر زەویدا پێدراوە، بەڵام نازانین چۆن دەژین و بەچی دەژین، بەڵام ئەوەی گرنگە کە قورئان باس لەوە دەکات کە ئەوانیش بەرپرسیارن وەکو لە سورەتی (الجن)و (الأحقاف)و لەم سورەتەشدا باس کراون.

خـوای گـەورە لـە سـورەتی(الرحمن)دا بـە ئاشـكرا روو بـە هـەردوولا دەدوێـتو نیعمـەتی بوونیـان هەریـەك لـە سەرچاوەی تایبـەتی خۆیـەوە بیردێنێتـەوە، ئـەو بوونەی كە هەموو نیعمەتەكان بەوەوە پەیوەستن ئینجا هەمان ئەو ئایەتە پیرۆزە دووبارە دەكاتـەوە : ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾

*　　*　　*

﴿ رَبُّ ٱلْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ ٱلْمَغْرِبَيْنِ ﴿١٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٨﴾ ﴾

(١٧) هـەر خـوای گـەورە خـۆی پـەروەردگاری هـەردوو ڕۆژهـەڵات و هـەردوو ڕۆژئاوایە (كە لە هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا زۆر ئاشكران) .

(١٨) جـا ئـیتر ئـەی گـرۆی ئـادەمیزاد و پـەری ، بـەكام لـە نـازو نیعمەتـەكانی پەروەردگارتان بڕوا ناكەن و ، كامەیتان لا پەسەندو چاك نیە .

ئەمـەش ئاماژەیەكە كـە دڵو دەروون سارێژ دەكات لـە هەست كـردن بـە بـوونی خـوای گـەورە، ئادەمیزاد روو لـە هـەركوێ دەكـات، ئـاوڕ لـە هـەركوێ دەداتـەوە، سەرنجی هەر ئاسۆیەك دەدات، كە هەڵهاتنو ئاوابوونی لێ دیار بێت، هەست بە شـكۆمەندی خـوای گـەورە دەكـات كـە هـەر خـۆی خـاوەنو پـەروەردگارو دەستەڵاتدارەو هەموو شتەكانو هەموو كاروبارەكان بە نور و ئاراستەو ویستی ئەو زاتە ئەنجام دەدرێت..

دەكرێ خوای گەورە مەبەستی لە بوونی دوو رۆژهەڵاتو دوو رۆژئاوا هـەڵهاتنو ئاوابوونی خۆرو مانگ بێت، كە هەردووكیان دوو دانە نیعمەتی ئاشكرای خوای گەورەن و هۆكارن بۆ بەرهەم هێنانو پەیدابوونی زۆر نازونیعمەت..

یاخود دەکرێ مەبەست هەڵهاتنی جیاوازی خۆر بێت لە زستان‌و هاویندا ـ دەکرێ هەردوو شێوازی باس کرابێت ـ

بەهەر حاڵ مەبەستی خوای گەورە لەم ئاماژەیەدا لاکردنەوەی مرۆڤەکانە لەوم دیاردانە، لەو سایەو سێبەرەی کە ئەو دوو دیاردەیە دروستی دەکەن ـ کاتێ کە بەر شاخ‌و کێوو دارو دروخت‌و شت‌و مەك‌و مرۆڤەکان دەکەون ـ ئینجا هەست کردنە بە زاتی خوا کە بەو هۆیەوە سێبەرەکان کورت‌و درێژ دەکات و دیمەنەکان دەگۆڕێت، لەوێشەوە بیرکردنەوە لە گەردوون، لە ئەستێرە و هەسارەی بێ شومار، هەروەها هەست کردنە بە نوری پەروەردگارێتی‌و خاوەندارییەتی ئەو زاتە لەسەرجەم ئاسۆکاندا، لێرەو لەوێش، ئەو سوودو سەرمایەیەش کە دڵ‌و دەروون لە سەرئەنجامی سەرنجدان‌و تێفکران دەستی دەکەوێت لە بیرکردنەوە و تەماشاکردنی رۆژهەڵات‌و رۆژئاواکاندا بریتی یە لە گۆڕانێکی ئەرێنی کە دەڕژێت بەسەر هەست‌و شعوردا، رۆح‌و دەروونی پێ پوخت‌و پاکیزە دەبێت.

دیارە کە خاوەنداریەتی‌و پەروەردگاریەتی خوای گەورە بۆ هەردوو خۆرهەڵات‌و خۆر ئاوا، هەندێکن لە نازو نیعمەتەکانی ئەو زاتە لەم گەردوونەدا، بۆیە ئایەتی :

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

جارێکی تر سەرنجی دەستەی ئادەمیزاد و جنۆکە رادەکێشێ تا هەردەم نازو نیعمەتەکانی پەروەردگاری بەخشندەیان لەیاد نەچێت‌و ببنە مایەی خێرو خۆشی بۆ سەرجەم دانیشتوانی سەر زەوی و بیرکردنەوە کە هەر خۆرهەڵاتێك ئاوابوونێکی لەدوایە، وە ئەگەر ئەم دیاردە و نیعمەتە بوەستێ ئەوە ژیان کۆتایی دێت!!

جارێکی تر قورئان لەو ئاسۆ دوورانەوە دەمانهێنێتەوە بۆ زەوی‌و ئەو ئاوەی کە خوای گەورە دابینی کردووە لەسەری بە ئەندازەی پێویست، لە جۆری ئاوەکەو چەشنەکانی لە سروشتدا باس دەفەرموێت، کە سوودی جۆراوجۆری لێ وەردەگیرێت :

﴿ مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ۝١٩ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ۝٢٠ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ۝٢١ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ۝٢٢ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ۝٢٣ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَـٰمِ ۝٢٤ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ۝٢٥ ﴾

(١٩) ئاوی هەردوو دەریای ڕەها کردووەو بە یەکی گەیاندون ، کەچی لە هەمان کاتدا تێکەڵیش نابن (ئەم دیاردەیە لە تەنگەبەری چیای (طارق) و (باب المندب) دا ئاشکرایە کە ئاوی دەریای سپی تێکەڵ بە زەریای ئەتڵەسی نابێت ، هەروەها ئاوی دەریای سور تێکەڵ بە دەریای عەرەب نابێت ، ئەو دیاردەیە بو بە هۆی موسوڵمان بوونی کاپتن کۆستۆی فەرەنسی ، زانای دەریاناس) ...

(٢٠) چونکە لە نێوانیاندا بەربەستێك لە تەوژمی ئاو هەیە نایەڵێت تێکەڵ بن .

(٢١) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندوچاك نیە .

(٢٢) لەو دوو جۆر دەریایە مرواری و مەرجان دەردەهێنرێت (کە دوو جۆر گەوهەری بەنرخن) .

(٢٣) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٢٤) ئەو کەشتیانەش کە بە دەریاکاندا وەك کەژو کێوی گەورە هاتوچۆ دەکەن هەر خوای گەورە خاوەنیانە (ئەو کانزیانەی لێی دروستکراون ، ئەو وزەیەی پێی دەڕۆن ، کەشتیەوانەکان ، وەستاو کرێکارەکان......تد) هەرهەمویان دروستکراوی خوای گەورەو بە توانان .

(٢٥) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

ئەو دووجۆر دەریایەی کە قورئان ئاماژەی پێدەکات دەریای سوێرو دەریای سازگارە، یاخود یەکەمیان مەبەست دەریاکانە ، دوهەمیش مەبەست روبارەکانە، جا هەر ئەو زاتە دەریاکان بەیەك دەگەیەنێت لە هەمان کاتدا تێکەڵیش نابن[١] .

دیارە دەریاکان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە خزمەتی مرۆڤدا، بێگومان داپۆشینی رووکاری زەوی بەو پانتاییە فراوانە لە ئاو بەرێکەوتو بێ مەبەست نیە، بەڕاستی ئەندازەگیرییەکی زۆر وردکراوە، پتر لە سێ بەش لە چوار بەشی گۆی زەوی داپۆشیوە هەموویشی پەیوەستە بە یەکترەوە، تەنها چواریەکی زەوی وشکانیە دیارە ئەم پانتایی یە پێویستە بۆ پاکژکردنەوەی هەوای زەوی و هێشتنەوەی بە پاکی تا بە کەڵکی ژیان بێت..

---

[١] کابتن کۆستۆ زانای دەریاوانی فەرەنسی لە شەستەکاندا بەهۆی ئەم ئایەتەوە هیدایەتی وەرگرت، چونکە بۆی دەرکەوت لە تەنگەبەری (جبل طارق)و(باب المندب) دا لەژێرەوە تەوژمێکی ئاو هەیە نایەڵێت دەریای سپی تێکەڵ بە دەریای ئەتڵەسی ببێ، هەروەها دەریای سوور تێکەڵ بە ئۆقیانوسی هندی ببێ !!

کابتن کۆستۆ وتبووی: خۆ محمد (ﷺ)دەریاوان نەبووە ئیتر چۆن ئەم نهێنی یەی زانیوە؟! ..

دیارە کە خوای محمد (ﷺ) دروستکاری دەریاکان لە قورئانەکەیدا ئەو زانیارییەی پێڕاگەیاندووە !!

هەرچەندە گازی زیانبەخشی زۆر بەردەوام ـ بەتایبەت لەم سەردەمەدا ـ بەرز دەبێتەوە و ئەو ڕێژەیەی کە بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، دیارە کە لە ئالیەتو میکانیزمێکی زۆر گەورە بەردەوام لەکاردایە، کە چەشنێکی سەرەکی ئەو دەریا و زەریا فراوانانەیە بۆ پاکژ کردنەوەی کەش و هەوا، کەواتە دەریا و زەریا و روبارەکانیش هەندێکن لە نازو نیعمەتی پەروەردگاری بەخشندە، کە یەکێك لەو نازو نیعمەتانەی کە لێیان دەردەهێنرێت مرواریو مەرجانە ..

مرواری شتێکی سەیرە ، لە سەرەتاوە زیندەوەرێکە لە قوڵایی دەریاکاندا دەژی لە قۆزاخەیەکی کلسیدا خۆی دەشارێتەوە تا لە مەترسی لەناوچوون خۆی بپارێزێت ! شایانی باسە ئەم زیندەوەرە جیاوازە لە زیندەوەرانی تر لە پێکهاتەو شێوازی ژیانیدا، چونکە تۆڕێکی وردی هەیە وەکو تۆڕی ڕاوچی ، بەڵام بە شێوازێکی سەیر چنراوە، وەکو پاڵاوگە وایە ڕێگەی ئاو و هەوا و خۆراك دەدات تا بیخوات و نایەڵی لم و چەوو شتی تر پیایدا تێپەڕێت ، جا سەیر لەوەدایە لە پشتی تۆڕەکەوە خۆی مەڵاس دەدات تا بەهۆی دەمەکانیەوە بژێوی خۆی دابین بکات!!

هەر دەمێکی چوار لێوی هەیە، ئەگەر دەنکە چەوێکی بچوك، یان لمێك ، یان زیندەوەرێکی بچوك خۆی کرد بە قۆزاخەکەیدا خێرا ئەو زیندەوەرە مادەیەکی لینج دەڕژێ بەسەریداو دایدەپۆشێ، پاشان دەمەیێت و دەبێت بە مرواری!!..

مەرجانیش لە دروستکراوە سەیرو سەمەرەکانی خوای گەورەیە ئەویش لە قوڵایی (٥-٣٠٠مەتر)دا دەژی و خۆی دەبەستێ بە بەردێك یان چڵە گیایەکەوە،

دەمیشی لەسەروی جەستەوەیەتی، کە هەندێ شتی زیادەی پێوەیە، بەکاری دەهێنێ بۆ پەیداکردنی خۆراك، هەرکاتێك زیندەوەرێك بەر ئەو شتە زیادانە دەکەوێت، توشی شەلەل دەبێ و پەکی دەکەوێت، زیاتر لەو زیندەوەرانەن کە قەبارەیان بچوکە، وەکو کێچی ئاوی، ئیتر پێیدا دەنوسێ ، ئەوسا خوار دەبێتەوە بۆ ناو دەمی و دەیخوات ..

سەیر لەوەدایە نێرەکانی ئەم زیندەوەرە جۆرە خانەیەکیان لێ دەردەچێ کە دەبنە هۆی پیتاندنی هێلکۆکەکان، سەرەنجام هەر هێلکۆکەیەك وەکو کۆرپەلە وەکو باوانی خۆی دەلکێنێ بە بەردێك یان چڵە گیایەکەوە و بۆخۆی پێدەگات هەروەکو دایكو بابی!!

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی دەستەڵاتداری و وردەکاری خوای گەورە ئەوەیە کە زیندەوەری مەرجان بە شێوازێکی تریش زۆر دەبێ ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ نەوەکانیدا پێکەوە دەلکێنو درەختێکی مەرجانی قەد ئەستور دروست دەکەن بە درێژی (٣٠سم) و بە تەنیشت یەکترەوە دورگەیەك لە مەرجانی زیندوو دروست دەکەن کە لە دەریاکاندا دەبینرێن بە رەنگی زەردی پرتەقاڵی، یان سورێکی گەش، یان شینێکی کراوە، یان خۆڵەمێشیەکی کاڵ. مەرجانە سورەکان رەق دەبن دوای مردنی بەشە زیندووەکانیان وەکو کۆمەڵە بەردی فراوانیان لێ دێت لە ژێر دەریادا!!

جا لەو کۆمەڵە بەردانە زنجیرەی گەورە و فراوان دروست دەبێت، وەکو ئەوەی کە لە سەرووی رۆژهەڵاتی ئوسترالیا دروست بووە و درێژی یەکەی (٢٣٥٠ میل)ە کە لە سەرەتاوە لەو زیندەوەرە بچوکانە دروست بووە!!

جا لەو مرواری و مەرجانە خشڵی زۆر بەنرخ دروست دەکرێتو دەبێتە هەندێ لەو نازو نیعمەتانەی کە خوای گەورە بیری مرۆڤەکان و جنۆکەکانیش دەهێنێتەوە ، تا قەدری نیعمەتەکانی پەروەردگاریان بزانن و دڵنیا بن کە هەموو ئەوانە دەستی قودرەتی خواوەندی جوانکار بەدی هێناوە .

پاشان خوای گەورە ئاماژە بە گشتی دەکات کە بە ئاسانی بە دەریاکاندا هاتوچۆیانە، هەندێکیان ئەوەندە گەورەن دەڵێی کەژ و کێون و کەچی زۆر بە ئاسانی هاتوچۆ دەکەن ..

﴿ وَلَهُ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡمُنشَـَٔاتُ فِي ٱلۡبَحۡرِ كَٱلۡأَعۡلَٰمِ ﴿٢٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٥﴾ ﴾

دیارە کە خوای گەورە خۆی دەکاتە خاوەنی ئەو کەشتیانەش، چونکە لە بنەڕەتدا هەر خۆی ئەو مادانەی بەدی هێناوە کە کەشتیەکانیان لێ دروست کراوە، هەر خۆی وزەی هەمەجۆری بۆ دابین کردووە، هەر خۆی ئەو مرۆڤانەی دروست کردووە کە وەکو ئەندازیار و کرێکار توانیویانە ئەو کەشتیانە دروست بکەن، پێشتریش هیچیان نەدەزانی بەڵام هەر زاتی خۆی توانای فێربوونی تێدا دابین کردوون، پاشان دەریاکانی واڵێ کردووە کە ئەو کەشتیە زەبەلاحانە بە ئاسانی هاتو چۆی لەسەر بکەن و لە قوڵایی دەریا و لەنێو شەپۆلەکاندا پارێزراو بن، کەشتیەکان تا ئێستەش گەورەترین نازو نیعمەتن بۆ بازرگانی و گەشتو گوزارو پەیداکردنی رزق و رۆزی هەمەجۆر، بۆیە رەوایە کە فەرامۆش نەکرێن و قەدری ئەو نیعمەتە گەورەیە بزانرێتو مرۆڤەکان بەدنمەك نەبن و پێزان بن و سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکەن .

جا ئێستە کاتی ئەو گەشتە بەنێو گەردوونی بینراودا، بەنێو دروستکراوانی خوادا کۆتایی دێت، تارمایی هەرچی دروستکراوانە ون دەبێت، دنیا چۆڵ و هۆڵ و بێ زیندەوەران دەبێت، روخساری پیرۆزی خاوەندی هەربوو هەڵدێت، هەر تەنها خۆی دەمێنێ، تاکو تەنها لە شکۆمەندیدا بە هەموو دەستەڵات و توانا رەهاکانیەوە، ئینجا لە هەستو نەستی گوێ بیستانی قورئاندا حەقیقەتی مانەوەی بەردەوام جێگیر دەبێ، کاتێ کە سایە و سێبەری نەمان بەسەر هەموو شتێکدا دێت :

﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٨﴾ ﴾

(٢٦) هەرکەس لەسەر روکاری زەوی دەژی ، دەبێ لە ساتە وەختێکی دیاریکراودا کۆتایی بە ژیانی بێت و دەبێت بمرێت ، لە تویێ خاکدا مەنزڵ بگرێت تا کاتێکی دیاریکراو).

(٢٧) سەرئەنجام تەنها پەروەردگاری تۆ دەمێنێتەوە کە خاوەنی بڵندی و شکۆمەندی و ڕێزداری یە .

(٢٨) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

* * *

لە ڕاستیدا لە سایەی ئەم دەقە قورئانیەدا هەناسە هێواش دەبێتەوە، دەنگەکان لەرزۆك و ئارام دەبن، پەل و پۆ لە جوڵە دەکەون، کاتێ کە تیاچوون هەموو زیندەوەرێك بگرێتەوە، هیچ جوڵەیەك نەمێنێ و ئەم روداوانەش هەموو

ئاسمانەکان‌و زەوی بگرێتەوە، روخساری پیرۆزی شکۆمەندی هەربووی زاتی (ذو الجلال) هەموو ناخ‌و دەروونەکان هەموو کات‌و شوێنەکان دادەپۆشێت، ئەو کاتە و هەموو کات شکۆمەندی‌و سەنگینی و شایستەیی زاتی خۆی هەموو بونەوەر دادەگرێت ..

بەڕاستی دەربڕین‌و دەستەواژەکانی ئێمە ناتوانێ وێنای ئەو حاڵەتە بکات، ناتوانێ دەربڕینێکی جوانتر لە دەقە قورئانیەکە دابڕێژێت، کە بێدەنگی‌و ئارامی بە شێوازێکی ملکەچانە ساڕێژ دەکات، شکۆمەندی ئەو زاتە بونەوەر دادەپۆشێ، بێدەنگییەکی سامناك، دیمەنی نەمانی بێ جوڵەو چالاکی، دیمەنی مردن کە جوڵەی لە هەمووان بڕیوە، هیچ جوڵەو چالاکیەك لە گەردووندا نەماوە کە جاران پڕبوون لە جوڵەو ژیان، لە هەمان کاتدا بوونی هەمیشەیی و بەردەوام وێنا دەکات‌و دەینەخشێنی بە مەرجێ مرۆڤ ئەزموونی مانەوەی هەمیشەیی نازانێ و نەیدیوە، بەڵام لە توێی ئەم دەقە سەرسوڕهێنەرە پیرۆزەدا بە قوڵی دەرکی ئەو حەقیقەتە دەکات!!

دیارە بەشوێن باسی ئەو حاڵەتە قوڵەدا بە هەمان ئایەت روو بە دەستەی جنۆکەو ئادەمیزاد حەقیقەتی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورەیان دەهێنێتەوە یاد.. ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

بەڕاستی بوونمان نیعمەتێکەو هەڵقوڵانی بوونی ئەو زاتەیە کە هەمیشەو بەردەوامە، یاساکانی، تایبەتمەندیەکانی ئاشکرایە، هەڵسەنگاندن‌و بەهاکانی‌و دەرەنجام و پاداشتەکانی روونە ـ بێگومان بوون لەگەڵ ئیمانی دامەزراودا، لەگەڵ خواپەرستی بەسۆز و جۆش و خرۆشدا چێژو واتای تەواو دەدا بە ژیان ـ

دیارە کە زاتێکی هەمیشە زیندوو؛ هەربوو، هەرچی بیەوێ دروستی کردووە و دروستی دەکات ، هەر خۆیشی داهێنەرە، ئەو دەیانپارێزێ و رۆزییان پێدەبەخشێ، هەر ئەویش لێپرسینەوە ئەنجام دەداتو پاداشتی ئامادەیە، هەر ئەوە کە لە ئاسۆی هەبووی خۆیەوە سەرپەرشتی جیهانی تیاچوو دەکات، کەواتە لە حەقیقەتی ئەو زاتەوە هەموو نازو نیعمەتەکان هەڵقوڵاون، لەڕاستیدا جیهان حەساوە نابێتودنیا راست نابێتەوە هەتا باوەڕی دامەزراوی بەم راستی یە نەبێت، کە ئەو زاتەی کە بونەوەری هێناوەتە گۆڕەپانی بوون زاتێکی هەر بووە وهەر دەبێو هەر دەمێنێ ــ پاداشتی باوەڕداران بە بەهەشتو بێباوەڕانیش بە دۆزەخ دەداتەوە .

جا لە حەقیقەتی مانەوەی هەمیشەیی خوای گەورە و نەمانی هەرچی دروستکراوانە، حەقیقەتێکی تر سەر هەڵدەدا، ئەویش ئەوەیە کە هەرچی دروستکراوانە لە مانەوە و بوونیاندا ئاتاجی زاتی تاكو تەنهاو تاقانەو جێبەجێکاری هەموو پێویستیەکانە، دەستەڵاتی گشتگیرەو باڵا دەستە هەروەکو فەرمویەتی :

﴿ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٠﴾ ﴾

هەر کەس لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیە هەمووی ـ بە زمانی حاڵ ـ داوای ئەنجامدانی پێداویستیەکانی خۆی دەکات، چونکە ئەو زاتە دەتوانێ سەرجەم داخوازییەکان ئەنجام بدات، رەوا نیە جگە لەو زاتە داوای ئەنجامدانی پێداویستیەکان لە کەسی تر بکرێت، چونکە لەناوچووە و دەمرێت، ئەوەی داوای پێداویستیەکانی لە خوای گەورە بکات نائومێدی ناکاتو کەسیش داوای

ئەنجامدانی پێداویستیەکانی لە غەیری خوا ناکات مەگەر گومڕاو سەرلێشێواو بێت، چونکە کەسە تیاچووەکان دەتوانن چی بکەن بۆ تیاچووەکان، ئەوانەی خۆیان ئاتاجن دەتوانن چی بکەن بۆ تیاچووەکان، ئەوانەی خۆیان ئاتاجن دەتوانن چی بکەن بۆ ئاتاجەکان .

بەڵام ئەو زاتە پاك و بێگەردە هەموو ڕۆژو هەموو ساتێك، بەڵکو هەموو چرکەساتێك گۆڕانکاری بێ سنور لە گەردوون و بونەوەرو سەر زەویدا دەکات، بە ویست و فەرمانی خۆی، هەروەها هەموو مرۆڤێك بە تەنها؛ بەڵکو هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی، هەر خانەیەك و هەر ئەتۆمێك دوور نیە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، دروستکراوان چیان پێویستە بۆیان دابین دەکات، کاروباریان ڕێك دەخات، ئینجا چاودێریشیان دەکات لە کاتی ئەنجامدانی کارو فەرمانیاندا ..

ئەم حاڵەتە لە سەرپەرشتی سەوزبوون و زەرد بوونی هەموو گەڵایەك دەگرێتەوە، دەنکە تۆوێك لە تاریکایی ژێر زەویدا، تەڕبێ یان وشك، ئاگاداری ماسی هەیە لە روبارو دەریاکاندا، کرمەکان لەژێر زەویدا، مێروو لە کون و کەلەبەرەکانیدا هەموو هێلکە و گەرایەك، هەموو جوجەك و بێچوویەك، بەڵکو باڵەکانیان، پەڕەکانیان، خانەی جەستەیان ..

دیارە ئەو زاتەی کە ئاگاداری ئەم هەموو شتەیە لە بونەوەرەکەیدا هیچ شتێك فەرامۆش ناکات، ئاشکراو نادیار لای ئەو زاتە چونیەکە ..

پاشان خوای گەورە ئەم نیعمەتەش بیری گرۆی جنۆکەو ئادەمیزاد دەخاتەوە و دەفەرمویت :﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

جا بە هۆی بڕیاردان‌و چەسپاندنی حەقیقەتی ژیانی بەردەوام دوای مردن، هەروەها حەقیقەتی ئەوەی کە هەموو خەڵك‌و هەموو دروستکراوان رویان لەو زاتە تاقانەیە کردووە کە هەمیشەو هەربووە، لەگەڵ پەیوەست کردنی ویستی ئەو زاتە پاك‌و بێگەردە بە سەرجەم دروستکراوانیەوە، هەروەها ڕێکخستنی کاروباریان، کە هەموو ئەوانە فەزڵ و بەخششی ئەون بەسەر بەندەکانەوە ..

ئیتر لەو روانگەیەوە نمایشی گەردوونی کۆتایی پێ دەهێنێ‌و کاتی لێپرسینەوەی گروپ‌و دەستەی جنۆکە وئادەمیزاد دەست پێدەکات، بارودۆخێکی نوی دەست پێدەکات کە هەڕەشە و گوڕەشەی لێ بەدی دەکرێت، هەڕەشەیەکی ترسناك و سامناك کە دڵ دێنێتە لەرزەو ئارامیی لێ هەڵدەگرێت، پێشەکیەکە وێنای سامناکی قیامەت دەخاتە بەرچاو کە هەردوو گرۆ و تاقمەکە دەگرێتەوە !

﴿ سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴿٣١﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٢﴾ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ ۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٤﴾ يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ﴿٣٥﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٦﴾ ﴾

(٣١) ئەی گرۆی ئادەمیزاد و جنۆکە ، ئێمە ڕۆژێکی تایبەت تەرخان دەکەین بۆ لێپرسینەوەتان (دیارە کە خوای گەورە هەرەشە لەم دوو دەستەیە لە دروستکراوانی دەکات ، کە لە هەندێ ڕووەوە سەرپشکی کردوون و ئازادی پێ بەخشیون ، کەچی زۆربەیان ڕێبازی یاخی بون و ستەم هەڵدەبژێرن ، قوڕ بەسەر یاخی و ناپوختەکان لەو ڕۆژەدا) .

(٣٢) جـا ئـیتر ئـەی گـرۆی ئـادەمیزاد و پـەری ، بـەکام لـە نـازو نیعمەتـەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٣٣) ئەی گرۆی جنۆکەو ئادەمیزاد ئەگەر توانیتان بە مەملەکەتی ئاسمانەکان و زەویـدا بگـەڕێن و لـە بۆشـایی ئاسمانـدا بسـوڕێنەوەو بـە نـاخی زەویـدا بڕۆنـە خـوارەوە ، ئـەوە ئـازادن و هەوڵبـدەن ، بـەڵام دڵنیـابن کـە دەزگـای مـاددی پێشکەوتوو ، وە توانای مەعنەوی بەهێزی دەوێت (وەکو کەشتیە ئاسمانیەکانی ئەم سەردەمەو کەسانی مەشق پێکراو) .

(٣٤) جـا ئـیتر ئـەی گـرۆی ئـادەمیزاد و پـەری ، بـەکام لـە نـازو نیعمەتـەکانی پـەروەردگارتان بـڕوا ناکـەن و، کامـەیتان لا پەسـەندو چاك نیە (کـاتێ پـەری یـە ئیمانـدارەکان گـوێ بیسـتی ئـەم ئایەتـە بـون هـەموو جارێـك دەیـانوت: ئێمـە باوەڕمان بە هەموی هەیە ئەی خوای میهرەبان).

(٣٥) هـەرکاتێکیش لـەو سنورەی کـە بۆتـان دیاریکراوە ترازان ، ئـەوە بڵێسـەی ئـاگرو مسـی تـواوەتـان تـێ دەگیرێـت ، ئـیتر شکسـت دەخـۆن و تیـا دەچـن و سەرکەوتوو نابن.

(٣٦) جـا ئـیتر ئـەی گـرۆی ئـادەمیزاد و پـەری ، بـەکام لـە نـازو نیعمەتـەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

بەڕاستی رۆژێکی سامناكو ترسناكو تەکاندەرە، نە گرۆی جنۆکە و نە گرۆی ئـادەمیزاد بەرگـەی ناگرێـت، کێـوە سـەختەکان بەرگـەی نـاگرن، ئەسـتێرەو هەسارەکان خۆی بۆ ناگرن!!

(ﷻ) خواوەنـدی شـكۆمەند، بـەهێزو بـەتوانا، دەسـتەڵاتدارو گـەورە و بڵنـدو پایەدار؛ بەو هەموو شكۆیەی كە هەیەتی گۆڕەپانی مەحشەرو لێپرسینەوە ساز دەكـات بـۆ لێپرسـینەوەی ئـەم دروسـتكراوە بچـوك‌و لاوازو بـێ دەسـتەڵاتانە، دەستەی جنۆكەو ئادەمیزاد؛ لـە تـوێی هەڕەشەو تۆڵەسـەندندا ـ بەهۆی لاری‌و لاساری‌و سەركەشیانەوە ـ بەڕاسـتی رووداوێكـی گـەورە و گرنگـە ، كارەسـاتە لەسەرو هەموو بۆچوون‌و گریمانەو تواناییەكەوەیە ..

جـا وەنـەبێ خـوای گـەورە و پـاك‌و بێگـەرد سـەرگەرمی كـاری تـر بووبـێ و نەیپەرژابێ تا ئەو كاتە، بەڵكو ئەو زاتـە دەیـەوێت ئـەو رووداوو پێشهاتە بخاتـە چوارچێوەیەكەوە كە ئێمەی مرۆڤ لێی تێبگەین، بۆیـە هەڕەشـەكە بە شێوازێكی ترسناكو تۆڵە ئامێز وێنا دەكات، هەر بیركردنـەوە لێـی ئادەمیزاد پان‌و پلیش دەكاتـەوەو لـەناوی دەبات، چـونكە ئـەم بونـەوەرو گەردوونـەی بـە یـەك وشـەی كورت، تەنها بە فەرمانی بوون هێناوەتە كایەوە، وێران كردن‌و هەڵوەشانەوەشی تەنها یەك وشەی دەوێت كە لـە چاوتروكانێك كـەمترە، جا ئیتر دەبێ حاڵی ئـەم دوو دانە گرۆو دەستەیە چۆن بێت!! كاتێك خوای گەورە تۆڵـەی ستەمكاری‌و تاوان‌و خوێن ڕشتن‌وگەندەڵی‌و گوناهـەكانیان لێ دەكاتـەوە، جا لـەو بارو دۆخـە سامناكەدا پرسیاریان لێ دەكات : ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

ئینجـا (تحـدا)یان دەكـاتی، تـا ئەگـەر دەتـوانن بـا گەشـت بكـەن بـە نێـو دروستكراوانی خوادا لە ئاسمانەكان و زەویداو وە ئاگاداریشیان دەكات كە ئەو كارەیان هۆكاری مەحكوم‌و بەهێزی دەوێت .. پاشان پێیان دەفەرموێت :

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

باشە داخۆ كەسیان جورئەتیان هەیە وەڵام بداتەوە و شتێك بڵێت ؟!

بەڵام هێرشی خواوەند بۆسەریان بەردەوامە، کە ئەگەر لە سنور دەرچوون ئەوە پارچە ئەستێرەی گڕدارو مسی تواوەیان تێدەگرێت و هەرگیز سەرکەوتوو نابن .. کەواتە :

﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

ئەم رووداوە گەر پێش بێت زۆر لەسەرو ئەوەوەیە کە خەڵکی یان جنۆکە لەسەری راهاتوون، لە سەرو بیرو بۆچوونی مرۆڤ و هەموو دروستکراوانەوەیە، بەڕاستی وێنەیەکی تاکو سامناکە و هەڕەشەی وا لە قورئاندا تا ئێستا نەهاتووە.

*　　　*　　　*

ئینجا لێرەوە ، وە تا کۆتایی سورەتەکە باسی رووداوەکانی رۆژی قیامەت دەفەرموێت، هەر لە سەرەتای وێرانبوون و گۆڕانکاری یە گەردوونیەکانەوە تا دەگاتە باسی دیمەنەکانی سزادانی تاوانباران و پاداشت دانەوەی بڕواداران :

﴿ فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَآءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ ﴿٣٧﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٨﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ﴿٣٩﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٠﴾ يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَٰهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَٰصِى وَالْأَقْدَامِ ﴿٤١﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٢﴾ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ الَّتِى يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ ﴿٤٣﴾ يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ ءَانٍ ﴿٤٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٥﴾ ﴾

(٣٧) ڕۆژێك دێت کە ئاسمان سور هەڵدەگەڕێت وەکو گوڵی سور لە ڕەنگدا ، وەکو ڕۆنی قرچاو لە ڕواڵەت و گەرمی و تواوەییدا (کە ئەمەش قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تێکچونی لە سەرەتای قیامەتدا) .

(٣٨) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٣٩) ئەو ڕۆژە ئیتر هەمووشت ڕون و ئاشکرایە ، پرسیار لە گوناهەکانی ئینسانەکان و جنۆکەکان ناکرێت!! (قۆناغێکە لە قۆناغەکان ، هەر بەهۆی ڕوخساریانەوە جیا دەکرێنەوە) .

(٤٠) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٤١) ئەوسا تاوانکارو تاوانباران هەر بە ڕوخساریاندا دەناسرێنەوە ، فریشتەکانی دۆزەخ دەستیان گیر دەکەن لە ناوچەوانیان و قاچیان و گلۆڵەیان دەکەن و بە توندی فڕێیان دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە ...

(٤٢) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٤٣) ئەوسا ئیتر پێیان دەوترێت: ئەمە ئیتر ئەو دۆزەخەیە کە جاران تاوانبارو تاوانکاران بڕوایان پێی نەبوو......

(٤٤) ئەوەتە چاك گیریان خواردووە لە نێوان ئاگرو ئاوی لە کوڵداو هەر دەخولێنەوەو ئەمسەرو ئەوسەر دەکەن .

(٤٥) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

بەڵێ ! ئاسمان وەکو گوڵی سووری لێ دێتو رەنگی تێك دەچێت یاخود وەکو رۆنی قرچاوو شلی لێ دێت ..

دیـارە هـەموو ئـەو ئایەتانـەی کـە دەربـارەی گـەردوون هـاتووە لـە سـەرەتای بەرپابوونی قیامەتدا هەمووی ئاماژەیە بۆ وێرانیو گۆڕانکاری یەکی گشتگیر کە هـەموو گەلـە ئەستێرەو هەسارەکان دەگرێتـەوەو ئەم یاسایانەی کە ئێستا رایگرتـون شیرازەی هـەمووی تێك دەچێت، هـەمووی لـە خولگەکـەی دەترازێت هەروەك لە سەرەتای سورەتی (الواقعة) و (القیامة) و (التکویر) و (الأنفطار) و (الأنشقاق) و گەلێ سورەتی تردا هاتووە..کە هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وێران کردنی گەردوون بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت مەگەر هەر خوای گەورە خـۆی حەقیقـەتی بزانـێو ئەوکاتـە هـیچ کـەس نامێنـێ گـەر بشـمێنێ کـەس جورئەتی باوەڕنەبوونو ئینکاری راستی یەکانی نیە!!

لە قۆناغێك لـە قۆناغـەکانی قیامەتـدا پرسیار لـە تـاوان و گوناهـەکانی دەسـتەی ئادەمیزادو جنۆکە ناکرێت ، وا دیارە لێپرسینەوەی تاوانباران بۆ ماوەیەك کە مەگەر هەر خوای گەورە خۆی بزانـێ؛ دوا دەخرێت،یاخود پشتگوێ دەخرێتو حسابیان بۆ ناکرێت!! دواتر خوای گەورە دەست بە لێپرسینەوە دەکات، بەڵکو مۆڵەت دەدات کە هەندی کەس پاکانە بکات!! .. هەندێ قۆناغیش هەیە کەس چرکەی لێوە نایەت ..

دیـارە رۆژی قیامـەت رۆژێکـی تـولانیو درێـژەو هـەموو ئـەو بارودۆخانـە تیایـدا روودەدات، کە یەکێکیان ئەمەیە کە لێرەدا قورئان باسی دەفەرموێت .. ئەو رۆژە روخسـاری ئیمانـداران‌و بەختـەوەران سـپیو جـوانو گەشـە، بـەڵام روخسـانی کـافرانو تاوانبـاران رەش و دێـزو تـرش و تاڵـە .. لـەو رۆژەدا کـەس جورئـەتی دەمە دەمیو قسەی بێ تامو دەمهەراشی نابێت..

لەو ڕۆژەدا تاوانباران بە ڕوخسارياندا دەناسرێنەوە ، دیارە فریشتەکانی سزا زۆر بۆیان داخ لە دڵن، بۆیە چنگ گیر دەکەن لە چڵەپۆپەی سەریان و قولوقاچیان؛ گلۆڵەیان دەکەن‌و فڕێیان دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە ..

هەروەها ئەو دیمەنە ئاشکرا بێت‌و تاوانباران بەو شێوازە توندە فڕێ بدرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، دەڵێی تەماشاچیان سەیری ئەو دیمەنە سامناکە دەکەن، بۆیە دەفەرموێت ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە کاتی خۆی لە دنیادا تاوانبارو تاوانکاران بڕوایان پێی نەبوو، ئەوەتە سەیریان بکەن چۆن گیریان خواردووە لە نێوان ئاگر و ئاوی زۆر لەکوڵدا .. جا ئیتر کێ جورئەتی ئینکاری و بێ باوەڕی هەیە !!

ئینجا پەردە دادەدرێتەوە لەسەر ئەو تاوانبارانەو پەردەیەکی ئاوریشم هەڵدەدرێتەوە لە سەر بەختەوەران، ئەوانەی کە لە دنیادا لە لێپرسینەوەی پەروەردگاریان دەترسان‌و حسابی (جدی)یان بۆ دەکرد، سەیر کەن، سەنج بدەن، ئەو بەختەوەرانە لە چ نازو نیعمەتێکدان :

﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٧﴾ ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ ﴿٤٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٩﴾
فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ ﴿٥٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥١﴾ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ ﴿٥٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٥٣﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍۭ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ ۚ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ ﴿٥٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٥﴾ فِيهِنَّ
قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ
وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٥٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٩﴾ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦١﴾ ﴾

(٤٦) لەولاشەوە بۆ ئەو بەختەوەرانەی کە کاتی خۆی لە مەقام و دیداری پەروەردگاریان بیمیان هەبوو ، دەترسان لەوەی کە پەروەردگاریان لێ بڕەنجێت ، دوو دانە بەهەشتی ڕازاوەی پڕ لە باخی جوان ئامادەیە .

(٤٧) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە .

(٤٨) باخەکانیش پڕن لە درەختی گەڵا ناسکی جوان کە میوەکانیان شۆڕ بۆتەوەو دیمەنێکی دڵڕفێنیان هەیە.

(٤٩) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٥٠) ئەو دوو بەهەشتە دوو سەرچاوەی سەرەکی ئاوی سازگاری تێدا جاری و ڕەوانەو بە ژێر درەختەکان و بە بەردەم کۆشکەکاندا تێدەپەڕن.

(٥١) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٥٢) لەو باخانەدا لە هەمو چەشنە میوەیەکی تێدایەو لە هەرچەشنەش دوو جۆری تایبەت خۆی دەنوێنێت .(بەقەبارە و رەنگ و تام و بۆنی جیاواز!!).

(٥٣) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٥٤) بەختەوەران لەو بەهەشتە خۆشانەدا لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان بە کەماڵی ئیسراحەت شانیان داداوە کە بە ئاوریشمی تایبەت ناواخن کراون (دیارە بە بەرگی رازاوەی نەخشینیش ڕازێنراونەتەوە) لێکردنەوەی هەر میوەیەکیش نزیك و ئاسانەو درەختەکان خۆیان سەرفرودێنن بۆ ئەو بەختەوەرانەو میوەکانیان پێشکەش دەکەن !!

(٥٥) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.
(٥٦) لەو بەهەشتەدا حۆری تێدایە کە تەنها بۆ هاوسەرەکانیان دەڕوانن و تەنها تەماشای ئەوان دەکەن و عەشقی ئەوانن ، پێش ئەمانیش نە ئادەمی و نە پەری دەستی لێیان نەکەوتووەو کەس توخنیان نەکەوتووەو لە گەڵیان جوت نەبووە .
(٥٧) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە .
(٥٨) ئەو حۆریانە لە جوانی و شەنگ و شۆخی و قەشەنگیدا دەڵێی یاقوت و مەرجانن (کە دوو جۆر گەوهەری بەنرخی جوانی نێو دەریان) .
(٥٩) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.
(٦٠) (بێگومان ئەو بەهەشتە دەبەخشرێت بەو کەسانەی کە لە دنیادا چاك و چاکە کارو چاکە خوازبوون و خەمخۆری دین بوون بۆیە دەفەرموێت) مەگەر پاداشتی چاکەو چاکەکاریی ، چاکەو چاکەکاریی نیە؟!
(٦١) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.
ئەمە یەکەمجارە قورئان باسی دووجۆر بەهەشت بکات، دیارە دوو پلەی جیاوازن بۆ دوو دەستەی جیاواز لە بڕواداران هەروەکو دواتر لە سورەتی (الواقعة)دا باسیان دەفەرموێتو دەستەیەکیان ئەوانەن کە زوو چوون بەدەم بەرنامەی خواوەو بەردەوام لە خەمی بڵاوکردنەوە و بانگەوازدا بوون بۆی، ئەوانە دووجۆر بەهەشتی نایابیان بۆ ئامادە کراوە..

دەستەیەکیشیان ئیمانداراني سادەن ، فەرمانەکان ئەنجام دەدەن‌و فەرزەکان بەجێ دێنن‌و خۆیان لە حەرام لادەدەن‌و هەر کات گوناهێك، یان هەڵەیەکیان کرد خێرا پەشیمان دەبنەوەو تەوبەی راستەقینە دەکەن، خوای گەورە ئەوانیش بەهرەمەند دەکات بەدوو جۆر بەهەشت و نازو نیعمەت ..

بە هەر حاڵ خوای گەورە بێ سنور دەوڵەمەندەو خاوەنی بەهەشتی زۆرو نازو نیعمەتی فراوانە.. با ئێمە هەوڵبدەین سەردانێکی خێرای ئەو دوو بەهەشتەی پلە یەك بکەین .. گوڵ و گوڵزاری ئەو دوو بەهەشتە قەدو لق‌و پۆپی درەختەکاني کورتەو بە گەڵا و گوڵی جوان و رازاوە و شەونماوی رازێنراوەتەوە، باخچەکان‌و پەنجەرەی ڤیلاکان‌و ژوور و بەلەکۆن‌و هۆڵەکانی پیڕازێنراوەتەوە لە ئینجانەی زێڕ و زیوو کریستاڵدا ..

هەروەها لە نێو باخچەکان‌و بە بەردەم کۆشکەکاندا لە سەرچاوەی دوو کانی گەورە و فراوانەوە ئاوی خوڕەم هەڵدەقوڵێ دیمەنی جوانی دڵڕفێن دروست دەکەن ..

هەروەها لە هەموو جۆرە میوەیەکی تام خۆش‌و بۆن خۆش‌و رازاوەی لێیە، هەر جۆرێکیشیان لە شێوازو قەبارەدا یەکێکن بەڵام لە تام‌و بۆندا جیاوازن، ناو بەناو لەسەر سینی ودەفری رازاوە دەیهێنن بۆ بەختەوەران ..

هەروەها نیشتەجێکاني ئەو بەهەشتانە لەسەر کورسی‌و قەنەفەی رازاوە بە کەماڵی ئیسراحەت شان دادەن کە ناواختی ئاوریشمی ئەستورە ، داخۆ بەرگەکانی لە چ جۆرە ئاوریشمێك بێت؟!

هەروەها درەختی بەرزو گەڵاجوان کە میوەی گەش‌و رازاوەی پێوەیەو دەوری کورسی و قەنەفەکانی داوە، هەر کات بەختەوەران ئارەزووی هەر میوەیەك بکەن ، لق‌و پۆپی درەختەکان سەرفرو دێنن تا کامەیان بە دڵە لێی بکەنەوە ..

هەروەها بەختەوەران تەنها نین بەڵکو هاوسەری حۆری گوڵئەندام لەگەڵیان دەژین کە عاشقی هاوسەرەکانیانن‌و چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن، نە مرۆڤ و نە جنۆکە دەستی بەریان نەکەوتووە .. ئەوان دەڵێی یاقوت‌و مەرجانن لە ناسکی‌و جوانی و رازاوەییدا ..

ئەمانە هەموی پاداشتە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لێپرسینەوەی خوایی دەترسان‌و حسابیان بۆ گەورەیی و شکۆمەندیی پەروەردگاریان دەکردو هەمیشە هەستیان دەکرد کە ئەو زاتە چاوی قودرەتی لێیانەو ئاگادارە بە هەموو هەڵسوکەوتیان .. ئەوانە گەیشتوونەتە پلەی (احسان) کە پێغەمبەر(ﷺ) راڤەی کردووە بەوەی کە بریتی یە لە خواپەرستی بە شێوازێك؛ هەروەکو ئەوەی کە چاوت لە خوای گەورە بێت ؛ خۆ ئەگەر تۆ چاوت لەو نیە ، ئەو زاتە تۆ دەبینێ و ئەو کاتەش پاداشتی ئەو خواپەرستی یەچاك‌و رێك‌و پێکە هەر بە چاکەو نازو نیعمەتی تێر و تەواو دەدرێتەوە پاشانیش دەفەرموێت : ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

*   *   *

﴿ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ﴿٦٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٣﴾ مُدْهَآمَّتَانِ ﴿٦٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
﴿٦٥﴾ فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ ﴿٦٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٧﴾ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾ فَبِأَيِّ
ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٩﴾ فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ﴿٧٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧١﴾ حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ
﴿٧٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٣﴾ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٧٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٥﴾
مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِىٍّ حِسَانٍ ﴿٧٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٧﴾ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ
وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾

(٦٢) جا بێجگە لەو دوو بەهشتەی کە باسکران ، دوو بەهەشتی تریشمان ئامادە کردووە بۆ ئەوانەی کە پلەو پایەیان لە خوار نیشتەجێکانی بەهەشتی پلە یەکەوەیە .

(٦٣) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٦٤) ئەو بەهەشتانەش بەهۆی چڕی و جوانی باخەکانیانەوە سەوزێکی تۆخی ڕازاوە دەنوێنن .

(٦٥) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٦٦) ئەو بەهەشتانە دوو سەرچاوە ئاوی هەڵقوڵاوی سازگاری سەرەکیان تێدایە (کە بەژێر درەختەکان و بە بەردەم کۆشکەکاندا تێدەپەڕن) .

(٦٧) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٦٨) هەروەها درەختی میوەی هەمە جۆرو دارخورمای بەرداری هەمەچەشن و هەناری بەتامی مەزەداری هەمەڕەنگ و هەمە چەشنی تێدایە .

(٦٩) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٧٠) لەو بەهەشتەدا حۆری جوان و شۆخ و شەنگ و ڕەوشت بەرزی تێدایە .

(٧١) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٧٢) حۆری چاوگەش و چاوڕەش کە لە دەوارە تایبەتیەکان کە بۆ بەختەوەران ئامادە کراوە دوور ناکەونەوە (ئەڵبەتە هەر بەناو دەوارە ئەگینا مەگەر هەر خوای گەورە خۆی بزانێت ، چ جێگەو ڕێگەیەکی فراوان و خۆش و ڕازاوەیە هەروەکو پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکدا ئاماژەی پێفەرمووە).

(٧٣) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٧٤) ئەو حۆریانە پێش ئەمان نە ئادەمی و نە پەری دەستی لێیان نەکەوتووەو کەس توخنیان نەکەوتووەو لە گەڵیان جوت نەبووە .

(٧٥) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٧٦) ئەو بەختەوەرانە لە جێگەو ڕێگەی خۆش و ڕازاوەدا شانیان داداوە ، کە بە پشتی و سەرینی سەوزباوی جوان و دۆشەکی نایاب و تایبەت نەخشێنراوە ، هەموو شوێنێکی بە فەرش و رایەخی تایبەت داپۆشراوە .

(٧٧) جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزاد و پەری ، بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بڕوا ناکەن و ، کامەیتان لا پەسەندو چاك نیە.

(٧٨) بەڕاستی موبارەك و پیرۆزو ڕێزدارە ناوی ئەو پەروەردگارە مەزنەی تۆ (ئەی محمدﷺ، ئەی ئیماندار) ، چونکە ئەو خوایە زاتێکە خاوەنی هەموو بەرزی و بڵندی و شکۆمەندیی یەکی بێ سنورە .

ئینجا نۆرەی باسی بەهەشتیانی پلە دوو دێت :

هەردوو بەهەشتەکە سەوزێکی تۆخ دەنوێنێ بەهۆی بوونی دارو دروخت و گژو گیا و روەکی چڕەوە ..

دوو سەرچاوەشیان تێدایە کە بەردەوام هەڵدەقوڵێن ، لەم بەهەشتانەدا جۆرەها میوە و خورماو هەناری تێدایە، بەڵام لەوێ هەموو میوەیەك دوو جۆری هەیە ..
لەم بەهەشتانەدا حۆری جوان و چاكو پاكیزەیان تێدایە كە لە دەوارە تایبەتەكاندا ـ چاوەڕێی هاوسەرەكانیانن، ئەڵبەتە ئەوە هەر بەناو دەوارە، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چەندە گەورە و فراوان و جوان و رازاوە و رێكوپێكەو چەندە كەل و پەلی جوانی تێدا رێكخراوە ـ ئەو حۆریانەش نە جنۆكە و نە ئادەمیزاد توخنیان نەكەوتوونو نزیكیان نەبوونەتەوە ..
نیشتەجێكانی ئەم دووجۆر بەهەشتەش بە كەماڵی ئیسراحەت لەسەر فەرشو رایەخی سەوزباو شانیان داداوە، (عبقر) بە واتای كەسانی زۆر وەستاو شارەزا دروستی كردوون ـ عەرەبەكانی ئەو سەردەمە شتی نایابیان دەدایە پاڵ دۆڵێك كە بە حسابی ئەوان جنۆكەی شارەزای لێیەوناوی (عبقر)بووە، ئێستەش بە كەسانی پسپۆڕ و زۆر شارەزا دەوترێ (عبقری) ـ
پاشان بۆدواجار ئایەتە پیرۆزەكە دێت كە روو بە ئادەمیزادو جنۆكە دەفەرموێت : ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾

* * *

لەكۆتایی سورەتەكەدا ، دوای ئەوەی خوای گەورە باسی نازو نیعمەتە بێ شومارەكانی كرد لە گەردوونو لە دروستكراواندا و هەروەها لەو جیهاندا.
كۆتا ئایەت دێت كە تەسبیحاتو ستایشی پەروەردگاری شكۆمەندو پیرۆزە ، رێزدارە و خاونی رێزەو رێزدەگرێ لە بەندە چاكەكانی
﴿ تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ﴿٧٨﴾ ﴾